# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی چوارەم، ژمارە (76) 1/6/2020 — بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە — مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت




## پیرۆزبێت ڕۆژی جیهانی منالاّن!

# حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم چەندین ٢٧ ملیار دۆلاری قەرزداری جەماوەری کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگەی کوردستانە!

## وتەی ژمارە

### حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم چەندین ٢٧ ملیار دۆلاری قەرزداری جەماوەری کرێکارو بێبەشانی کۆمەڵگەی کوردستانە!

٢٢ ئایار، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارکی پیشکەش کرد. ناوەڕۆکی وتارەکەی سەرۆکی هەرێم دان نان بوو، بە شکست و مایەپوچوون بوونی دەسەڵات و حکومەت لە دەسەڵاتدرایّتی و حکومرانی هەرێم. پرسی قەرزداربوونی ٢٧ ملیار دۆلار، نەبوونی هیچ یەدەگێکی بۆ کاتی نەخوازرا، پێداگرتنەوە لەسەر چاکسازی...سێ خالّ و پۆینتی سەرەکی ناو وتارەکەی سەرۆک بوون.

بەجیا لە پرتەو بۆڵەی ئۆپۆزیسیۆنی ناو حکومەت و بەشدار لە دەسەڵاتی هەرێمدا، بەوەی کە حکومەت قەرزدار نییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەکردەوە زۆر لە بڕی ٢٧ ملیار دۆلار قەرزدارترە. ئەگەر حکومەت ٢٧ ملیار دۆلار قەرزدارە!!، کە دیار نییە قەرزەکان هیّ کوێن و لەکویّ کراون و بۆچی سەرفکراون و کیّ کردوونی و چ لایەنیکیش بەرپرسیارە، بەڵام دۆخی سیاسی کورستان، ژیان و گوزەرانی هاولاّتیان، خزمەتگوازییە تەندروستی و تەرفیهی و کۆمەلاّیەتیەکان، دارمانی سلکی پەروەردە، ڕێگاو بان و سەرجەم بوارەکانی تری ژیان، گەواهی دەرەی ئەو راستیەن، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم چەند بەرابەری ئەو ٢٧ ملیار دۆلارە، قەرزدارن، بەڵام نەک قەرزداری بانکی نێو دەولّەتی و سەرمایەداران و کۆمپانیاکانی دەست ئەفراندراوی خۆیان، بەلّکو قەرزداری جەماوەری کرێکار و کارمەند و موچەخۆرانی کوردستان و ئۆردی بێکارانن.

نەبوونی هیچ پارەیەکی یەدەگی حکومی بۆ حالّەتی لەناکاو پیشهاتی لەپڕی سروشتی و تەندروستی بەڵای جیاواز... کە هەمیشە پیشبینی کراون، یانی هەمیشە خەلّکی کوردستان و جەماوەری بێبەشی پشت بەستو بە کارو رەنجی ماندوبوونی خۆیان، لە بەردەم وەیشومەی ئەو بەلاّیانەدا پارێزبەندیەکیان نییە و نیچیری ئامادەی ئەو رووداو پێشهاتانەن. نابیّ چاوەروانیەکی ناچیزیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

پرسی دووبارە پێداگرتنەوە لەسەر چاکسازی، کە پۆینتی سێهەم و بناغەیی ناو وتارەکەی سەرۆکی حکومەت و ئامانجی وتارەکەیە،

بۆ لاپەڕە ٢

## بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالاّنەوە، لەسەر هەلومەرجی ژیانی منالاّن و مافەکانیان، کاریگەری پەروەردە، ڕۆلّی دەولّەت و خێزان، بۆ بۆپێشەوە دەدوێن ...

لاپەڕە 13_14



شێرزاد فاتیح



هۆمەر قەرەداغی

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ د. خامۆش عومەر سەبارەت بە پرسی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان...ل9

## تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ؟...ل3

## کاتی ڕامالّینی دەسەلاّتی بۆرژوازی کورد هاتووە...ل3


## دارمانی ئابوری لە ئەمریکا... ژمارەی بێکاری ٤٠ ملیۆنی تێپەڕاند...ل4

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* منالاّن و حزب و لایەنە سیاسییەکان................ل4
* ئاینی ئیسلام ڕیگەخۆشکەرە بۆ تاوان لەدژی ژنان...ل5
* کەلتور ئایدۆلۆژیا ئەخلاق.........................ل5
* زیندانی و شەترەنج و حزبی کوردی.................ل9
* کرانەوەی رازەکانی ژیانێکی باشتر..................ل10
* مەنسور حیکمەت لەووەلاّم بە پرسیارێکدا..........ل13


## فەرەیدون حسین زادە - هاوڕێ و خەباتکارێکی دلّسۆز...

ل11-12



## پرسی ژن ؟



ل6

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

لاپەڕە 8-7

## وتەی ژمارە

مەسەلەیەکی سەرەکییە. دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، رادەی دزی و تاڵانی و هەرزانفرۆش کردنی سامانی سروشتی هەرێم، دزی لە بودجەی بەغداو داهاتە ناوخۆییەکان...تاد، بەوهۆیەوە لە ژێردەستی خۆیاندایە خۆیانیش ئەندازیاری بەتاڵان بردنین، دەزانن لە چ ئاستیکدایە. بۆیە هەرکابینەیەی حکومی کە پێک دێت و هەر وتارێکی کاراکتەرەکانی حکومەت، پێداگرییە لەسەر دژایەتی گەندەڵی و ناشەفافیەت و بەڵێندانە بەدەستبردن بۆچاکسازی... و هەر حزب و لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنیش پۆینتی ململانێی لەگەڵ دەسەڵات و حکومەتداریدا، دیسان پرسی چاکسازی و شەری گەندەڵییە. هۆکاری ئەوەش کە چ حکومەت و چ ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی پرسی چاکسازی بەدەستەوە دەگرن، نارەزایەتی جەماوەری ملیۆنی خەڵکی بێبەشی کوردستانە لەدژی تاڵانی و نابەرابەری و سەرچاوەو کەناڵە بێ هەژمارەکانی لوشدانی داهاتی گشتی.

لەهەموو جێگایەکی دنیادا، هاوڵاتیان قەرزداری حکومەت و بانق و کۆمپانیاکانن. بۆ کڕینی خانو یان سەیارە و پێداویستیەکانی تری ژیان و ئامێرەکانی ناوماڵیان.... کە مانگانە لە موچەکانیان برێکی دەدەنەوە، کەچی بە پێچەوانەی هەموو دنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان کیسەی خاڵی موچەخۆارن و سەرچاوەکانی بژێوی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەرفیهییەکان و خودی سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کردۆتە سەرچاوەی دزی و تاڵانییەکی سیستماتیک. ئەم دزی و تاڵانیەی دەسەڵاتی بۆرژازی کورد دەمێکە بۆتە تایبەتمەندییەکی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و بوونەتە لازم و مەلزومی یەکتری... چاکسازی بنەرەتی حکومەت و دەسەڵات دەرمێنێت... بۆیە بوونی چاوەروانی لەوەی ئەم حکومەت و دەسەڵاتە چاکسازی ریشەیی بکات وەهمە. پایەی دەسەڵاتدارێتی سیاسی هەرێم و حکومەتە کارتۆنی و دیوە بەناو یاسایەکەی حکومداری!، لەسەر دزی و تاڵانی سیستماتیک رۆنراوە.

بە جیا لەو ٢٧ ملیار دۆلار قەرزدارییەی حکومەت، کە هاوڵاتیان دەبێ شان بخەنە ژێری، لەگەڵ ئەو هەموو نەبوونییە، لە موچە و موچەی شایستە و بنەرەتی گونجاوەوە تا دەگاتە شان خاڵی کردنەوەی حکومەت لە دابین کردنی کەمترین خزمەتگوزاریی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەرفیهی... هێندەی پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسی و حزبیەوە هەیە، نیو ئەوەندە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمەوە نییە. **حکومەت تا ئیستا کاریکاتۆرێکە بۆ رەواییدان بەدەسەڵاتی حزبۆکراتی و روپۆشکردنی دەسەڵاتی دوو زۆنی زەرد و سەوز.** هاوڵاتیانی هەرکام لە زۆنی زەرد و سەوز، ژیانی ئیستاو ئایندەیان پەیوەندی بەدەسەڵاتی سیاسی زۆنەکەی خۆیانەوە هەیە. وە ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە قەرزداری موچەو دابینکردنی خزمەتگوزاریی و ماف و داخوازییەکانی هاوڵاتیانە، نەک حکومەت و پەرلەمانێکی کارتۆنی، کە ئەوانیش بەش و لایەنێکی سەرەکی لوشدانی داهاتی هاوڵاتی کوردستان و کەناڵی کەنالیزەکردنی دزییەکانی حزب و دەسەڵاتی میلیشییایین لە کوردستاندا.

هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە هەر دوو زۆنی زەرد و سەوز، هەرکامیان بەرپرسی دۆزی سیاسی و نائارامی و دزی و بێ موچەیی و نەبوونی خزمەتگوازرییەکان بێمافی و سەرکوتی هاوڵاتیانیانی خۆیانن. پارتی بەرپرسی زۆنی زەرد و یەکیتیش بەرپرسی زۆنی سەوزە... حکومەت و پەرلەمانیش خاڵی هاوبەشی هەردوو ئەم دوو دەسەڵاتە حزبیەن، بۆ پاراستی ئەو ئەزموونە شکستخواردویەی لەسەر دزی و تاڵانی و خۆشخزمەتی و تاڵانی داهاتی خەڵکی کوردستان لە بەشی بەغدا و هەرێمدا... پایەکانی داکوتاوە. ململانێی سیاسی نیوانیشیان لەسەر رادەی قەڵەمڕەوی سیاسی و بەشی بریاری سیاسی و دزی و ئەو تاڵانییە سیستماتیکەی داهاتی سروشتی وەکو نەوت و غازو داهاتە ناوخۆیەکانی تری هەرێمە. ئاە و ناڵەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژاوزییش بەتایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان، ناڕازیی بوونە لە کارو مامەڵەی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵیان لە پرسی داهات و تاڵانیدا، کە بێگومان بە فیلتەری بەشی سیاسیدا بۆیان مەیسەر دەبێت.

هەموو بەرەی بۆرژاوزی کورد، نیگەرانن لە نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو حزبانەی کە ناڕازین لە دەسەڵات و بەشی خۆیان، دریغی ناکەن لەوەی خۆیان بە نارەزایەتی خەڵکی کوردستانەوە هەڵبواسن و تورەیی خەڵکی کوردستان تا ئەوڕادەیەی دەسەڵاتی ئەوان ناکاتە نیشانە، بکەنە دەستمایەی سات و سەودای نێوان خۆیان. لە ئیستادا نەک هەر بزوتنەوەی گۆران، بەڵکو یەکێتی نیشتیمانی کە خاوەنی قەڵەمرەویی زۆنی سەوزە و لە ٢٩ ساڵی رابردوودا و تائێستا بەشیکی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی بەدەستەوەیە، لە بەرامبەر پیگەی پارتیدا دەیەوێت و لە ململانێی سیاسی خۆیدا لەگەڵی رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن بگێرێت. تا لەلایەکەوە خۆی لەتورەیی خەڵکی کوردستان بپارێزێت و لەلایەکی تریشەوە گوشار لە پارتی بکات تا لەئاستی دەسەڵاتدارێتی و بریاری سیاسییدا بەشی زۆرتری بۆ بەرەسمی بناسێت. لەبەرامبەردا پارتی دەیەوێت لە ڕێگای بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەهۆڵبەندانی ڕێگای دەخالەتگەری خۆی لە زۆنی سەوزدا بکاتەوە و خۆی لەوە قورستر نیشان بدات کەوا بە ئاسانی لەگەڵ یەکێتی تازەی دوای کۆنگرەدا مامەڵە بکات، کە هیچ ئاراستەیەکی سیاسی رۆشنی نییە. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەیەوێت لەیەک کاتدا هەم دەسەڵاتی زۆنی سەوز بەتەواوەتی پاوانی خۆی بکات و دەنگی ئۆپۆزیسیۆنی ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیدا بە مانۆری دیموکراسی و کرانەوەو یەکێتی تازە!! خەفەبکات و هەمیش رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرامبەر بە پارتی و هەولێردا بگێرێت. ئەمەش قومارێکی دۆڕاوە. پارتی ناڕازییە لەبەرامبەر بەرۆڵی خراپەکارانەی یەکێتی هاوپەیمانی و بزوتنەوەی گۆڕان. بزوتنەوەی گۆڕان خۆی لە بەرپرسیاریەتی لەدۆخە قورسەکانی ئەزمەی هەرێمدا دەدزێتەوە. ئۆباڵی دۆخی هەرێم و شکستی حکومەتە کارتۆنیەکەیان و فەلەجی پەرلەمانە هەمیشە تۆپیوەکەیان دەخاتە ئەستۆی یەکێتی و پارتی و دەیەوێت خۆی لە رِق و تورِەیی داهاتووی جەماوەری بپارێزێت. یەکێتی و گۆران دەیانەوێت تورەیی و نەفرەتی زۆنی سەوز ئاراستەی دەسەڵاتی پارتی و زۆنی زەرد بکەن و پارتیش بە پێچەوانەوە دەیەوێت تورەیی نەفرەتی جەماوەری زۆنی زەرد ئاراستەی یەکێتی و گۆران بکات و بە هۆکاری شکستی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمیان بناسێنێ.

ئەوەی کە لەو نێوەدا رۆشنە، ئەو مامەڵەیەی پارتی و یەکێتی و گۆران، بەرخوردێکی شکستخواردووە، مامەڵەیەکی منالانەیە، لێکدانەوەو ئاراستەیەکی بێ بناغەیە. هەمووتاکێکی هوشیاری کوردستان ئەو راستیە دەزانن کە پارتی بەرپرسی یەکەمی دەسەڵاتی زۆنی زەردە. یەکیتی و تارادەیەک گۆرانیش بەرپرسی زۆنی سەوزن، تورەیی و نەفرەتی جەماوەری زۆنی زەرد بەدژی دەسەڵاتی سیاسی پارتیدا دەتوانێ ئاکامی هەبێت. هەروەکو چۆن نەفرەت و نارەزایەتی جەماوەری زۆنی سەوزیش بەدژی دەسەڵاتی یەکیتی و گۆران دەتوانێت مانادار بێت. هەمووشیان بەیەکەوە بەرپرسی ئەم هەلومەرجە نابەرابەر، دزی و تاڵانی و سەرکوت و بێ مافییەی خەڵکی کوردستانن.

کاتێک سەرۆکی حکومەت دەڵیت ٢٧ ملیار دۆلار قەرزدارین، ڕووی لەخەڵکی بێبەشی کوردستانە، رووی لە کەم کردنەوە و بڕینی موچەی موچەخۆران و بێبەشانی کۆمەڵگەیە، رووی لە درێژکردنەوەی رۆژەکانی مانگە، رووی لەفراوانکردنەوەی بێکارسازی زۆرترە، رووی لەهەزران فرۆشکردنی کەرتە گشتی و حکومیە بە کەرتی تایبەت، رووی لە شانخاڵی کردنەوەی زۆرتری خزمەتگوزارییەکانە...

پیداگری سەرۆکیش لەسەر بەردەوامیدان بە چاکسازییە فریوکارییەکانیان، کە نموونەکانی پوچی خۆیان نیشانداوە، پیداگرییە لەسەر درێژەدان بەدەسەلاتیان بەهەر نرخێک بووە، وە تەحەداکردنی حزبەکانی تری ناو حکومەتە بەوەی کەخۆیان بە خاوەن و میراتگری پارێزەری حکومەت دەزانن.

دیارە ناوەڕۆکی وتارەکەی سەرۆکی هەرێم، هێندەی نیگەرانییە لە راسانی جەماوەری بەتایبەتیش لە زۆنی زەردا و هێندە پەیوەندی بە پرسەکانی تری ناو وتارەکەی برا گەورە!!وە، نییە. دیارە سەرۆکی حکومەت نیگەرانی راسانی جەماوەری لە زۆنی سەوزیشە، چونکە کاریگەری هەرکام لەو زۆنانەو پەرینەوەی نارەزایەتی و خۆپێشاندان لە زۆنێکەوە بۆ زۆنەکەی تر، راستیەکی حاشالێنەکراوە.

لەهەموو حاڵەتێکدا، حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی، رووبەڕووە لەگەڵ نەفرەت و نارەزایەتیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی... ئەم نارەزایەتییە فراوان و کۆمەڵایەتییەی بەڕیوەیە، پێویستی بە ڕابەری جی متمانەی جەماوەری هەیە، پێویستی بە ئاسۆی سیاسی رۆشنەوە هەیە، پێویستی بە رەخنەی تیژو رۆشن لەسەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتی هەیە، پێویستی بە ناسینی هاوسەنگی هێزی ئیستاو هەنگاونانی بە نەخشەوە هەیە، پێویستی بە ڕیکخراوبوون و یەکگرتووبوونە، پێویستی بە جوڵەو رۆڵی رابەری میحوەری چینی کریکارە، کە لەمەیدانی سیاسی و یەکلاییکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی داهاتودا ئامادەبێت.

کۆتایی ئایاری ٢٠٢٠

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

# تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ؟



هەموو قەیرانەکان سەرەتا یەخەی ئێمە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە دەگرێت، قەیرانی کۆرۆناش بەهەمان شێوە، ئەوانەی لەڕیزی پێشەوەی ئەم قەیرانەدا بوون چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی کومەڵگە بوون و سەرئەنجام نەتەنیا لە لایەنی تەندروستیەوە زەرەرمەند بووین، بەڵکو بەشی زۆرمانی لەماڵەکانی خۆماندا کەرەنتینەکرد و ئێمەی لەپەیداکردنی نانی سەر سفرەکانمان بێبەش کرد، کۆمپانیاکان و بازرگانان و دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمەش (حکومەتی هەرێمی کوردستان) جگە لە بێباکی و کەرەنتینەکردنی خەڵک هیچ شتێکی تریان لەئەستۆی خۆیان نەگرت و تەنانەت ئەو هاوکاریانەش کە بۆ زیان لێکەوتووان و ڕوبەڕوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لەلایەن ڕێکخراوە جیهانیەکانەوە دابینکرا، حکومەتی هەرێم دەستی بە سەراگرت. ئەگەر بۆ سەرەتای دروستبوونی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی بگەڕێینەوە ئەوا یەکەم کار کە تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی لەپەیوەند بەقەیرانی کۆرۆناوە لە ئەستۆی گرت بەهاناوەچوونی بەرکەوتووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەسانێک بوو کەبەهۆی نەخۆشی دائیمی و تەمەنەوە لەبەر مەترسی ئەم ڤایرۆسەدا بوون. لە دۆخێکی وا تایبەت و ترسناکدا کە جیهان تێیکەوت و بەتایبەت لەکوردستان، بەهاناوەچوونی بەشێک لە خێزانە کەمدەرامەتەکان بوو بەکاری دووهەمی ئەم تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتییە. پێشوازی چەندین ئینسانیتر لەم هەنگاوەی ئێمە و ئیحساس بەبەرپرسیارێتی لە گۆشە و کەناریتری دونیا و لە ناوخۆی کوردستانیش، وایکرد چەندین تۆڕی تر دروست بێت و تانووسینی ئەم وتارەش تۆڕەکان لەدروستبوون و فراوان بوونەوەدان. لەسەرەتادا ئێمە تەنها چەند کەسێک بووین کەلەپەنجەکانی دەست زیاتر نەبووین لەمەتبەخی هاوڕێیەکمانەوە، بەهەستی بەرپرسیارێتیەوە دەستمان بۆ پێکهێنانی یەکەمین تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی برد، خۆشبەختانە ئێستا ژمارەی تۆڕەکان حەڤدە تۆڕە، کەهەر تۆڕێک لەم تۆڕانە ژمارەیان لە ژمارەی ئەو کەسانەی یەکەمین تۆڕیان پێکهێنا چەند بەرانبەر زیاترە. زیاتر لە 130 هەڵسوڕاوی بەناو و ژمارە تەلەفونەوە ڕاگەیەنراوە، لەهەولێرەوە بۆ کەرکوک و سلێمانی و هەر لەسلێمانی تۆڕی چەند گەڕەکێک دروست بوون، تادەگات بەکەلار و ڕانیە و کۆیە و سۆران، تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی دروستبوون. ئەم تۆڕانە لە سبەینێدا چ کارێکی تریان دەبێت و چیتر لەئەستۆ دەگرن؟ ئەگەر قەیرانی کۆرۆنا بەسەرچوو چی بەسەر ئەم تۆڕانەدا دێت؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر لەبەردەم ئێمەدایە، ئێمە لەم تەجرەبەیەوە فێربووین ئەم تۆڕانە وەسیلەی دەستی ئێمە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانە. دەتوانین سەرنجی تۆڕی هاوکاری گەڕەکی حوڕیەی شاری کەرکوک بدەن ئەوان هەستاون بە پاککردنەوەی باخچەیەک کە لەگەڕەکەکەیاندا بوونی هەیە و لەلایەن شارەوانی شارەکەوە پشتگوێ خراوە . یان ئەوەی تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی شاری کۆیە ئەوان هەستاون بە دانانی کۆمەڵێک سندوقی کۆمەک لە ناوشاری کۆیە هەرکەس بخوازێت دەتوانێت لەڕێگەی ئەو سندوقانەوە کۆمەک بە تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی بکات. یان ئەوەی ئارایشتگایەک هەر لەشاری کۆیە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کاری میکیاج و جوانکاری بۆ ئەوکەسانە بەخۆڕایی بکات کە هاوسەرگیری دەکەن و توانای دابینکردنی ئەو مەسەرەفەیان نییە. هەر لەکۆیە چەند دەرمانخانەیەک (صیدلیة) ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە دەرمان بەخۆڕایی بە دە کەس بدەن. یان لە سلێمانی هەستاون بەکردنەوەی دەورەیەک بەخۆڕایی بۆ ئەوکەسانەی دەیانەوێت فێری کاری حەلاقی ببن و دواتر کارێکیان بۆ بدۆزنەوە. لەسلێمانی دکتۆرێک ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بەخۆڕایی چارەسەری خەڵکی کەم دەرامەت بکات و لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت دکتۆرەکانی هاوپیشەی خۆی بۆ ئەم کارە ڕابکێشێت. ئەم کارانە و دەیان کاریتر دەتوانێت نمونەی ئەزمونێک بێت بۆ تۆڕەکانیتر و لێیەوە فێری ئەوەببین کەتەنها خۆمان بە قەیرانی کۆرۆناوە نەبەستینەوە، بەڵکو لەمەیدانیتر و بواری تری ژیان لە کۆمەڵگەدا پێشڕەوی بکەین. سبەینێ و ئایندەش دەرگایتر لەبەردەم تۆڕەکان و بواریتر لەبەردەمی ئێمە دەکاتەوە. ئەوە پێویستی و گەڕانە بە دوای ڕێگایەکدا بۆ خەمخۆری و بەتەنگەوە هاتنی یەکتر وا لە ئێمە دەکات لە دەرگاکانی تر بدەین. من لە نووسینێکی ترمدا هەر سەبارەت بە تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی شتێکم نووسیوە حەزدەکەم لێرەشدا دووبارەی بکەمەوە ئەویش: ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەی هیچ حیزبێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئەمە پڕۆژەی کۆمەڵێک ئینسانی سۆسیالیست و کۆمونیست و ئینساندۆست و ئازادیخواز و تەنانەت خەڵکانێکی کۆمەڵایەتییە کە هیچ بیروباوەڕێکی سیاسیشیان نییە لەهەستکردن بە بەرپرسیارێتی دەورەیەکی تایبەت کە کۆرۆناکریزە هێنایە پێشەوە لەم تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتیەدا کۆبوینەتەوە و خەڵکێکی زۆرتریش لەدەرەوەی تۆڕەکان پشتیوان و هاوکاری ئێمەن کە بڕوایان بە لەپاڵ یەک ڕاوەستان و هاوکاری یەکتر و بەم شێوەکارەیە. ئێستا ئیتر تۆپەکە لەساحەی هەریەکێک لە ئێمەدایە ئایا دەمانەوێت یاری بکەین یان دەمانەوێت تەماشاچی بین ؟ ئایا دەمانەوێت بەرپرسیارێتیەک لە ئەستۆ بگرین یان دەمانەوێت بیانوو بۆ مقاتەعەکردنی بهێنینەوە؟

**عەزیز شەریف**

**٢٨ی ئایاری ٢٠٢٠**

# کاتی ڕامالینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هاتووە

هەلومەرجی ژیان و گوزەران و چینی کرێکار و کارمەند و موچەخۆرانی کوردستان، لەوپەڕێ خراپیدایە. موچە نییە، ئەگەر هەش بێت زۆر کەم و بەشی دابینکردنی لانی کەمی پێداویستیەکانیان ناکات، موچە دەبردرێت، موچە دوادەخرێت و مانگەکان رۆژەکانی درێژ دەکرێتەوە، بێکاری بێداد دەکات و کاریگەری و لێکەوتەکانی کۆرۆنا ڤایرۆسیش بۆتە سەرباری ئەم دۆخە خراپە... خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و تەرفیهیەکان لەوپەڕێ خراپیدان، هێشتا ئاو کارەبا وەکو پێویست نییە... ململانێ نێوان بەغداو هەرێم و نەمانی متمانەیان بەیەکتری خەریکە جەماوەری زوڵمێکراو و نانبڕاو دەکاتە قوربانی و هەرەشەی برینی ئەو موچە کەم و هەمیشە دواخراوەی هەیە... گرژی نێوان پارتی و یەکێتی جێگای دڵەڕواکیی جەماوەری بێبەشی کوردستانە... بۆردومان و دەستدرێژی سەربازی و تورکیا و ئێران، بەهاوکاری و چاوساغی حزبەکانی دەسەڵات، درێژەیی هەیە.
حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی باکیان بە برسێتی و نەبوونی و خاڵی بوونی سفرەی کرێکاران و کارمەند و موچەخۆران نییە، باکیان بە دوبارە سەرهەڵدانەوەی پەتای کۆڕۆنا و وێرانەیی سلکی تەندروستی نییە، هیچ خەمێکی ئایندەی سیاسی کوردستانیان نییە، دزی و تاڵانیەک کە دەستیان داوەتی بەردەوامە و لەوەش زیاتر باسی قەرزداری ٢٧ ملیار دۆلاری دەکەن، کە ئەمە بەمانای بڕینی و موچە و دواکەوتنی زیاتری و وێرانتربوونی خزمەتگوازییەکان و شکاندنەوەی ئەو قەیرانە ئابوری و داراییە بەسەر ژیان و گوزەرانی چینی کرێکار و بێبەشانی کوردستاندا، دێت. ئەوە لەکاتێکدایە کە موچەی چەند ملیۆنی سەرانی حزب و حکومەت و ئەندامانی پەرلەمانە تۆپیوەکەیان و کەژاوەی سەیارە گران بەهاکانی بەرپرسەکان، وەکو خۆیانن. موچەی خێڵی خانەنشینکراوی حزبی بە پلەی باڵا وەکو خۆیەتی.
ئەم هەلومەرجە، تورەیی و نەفرەتی جەماوەری لێوان لێو کردووە، زوربەی هەرەزۆری جەماوەری کوردستان لەسەروبەندی دەستبردن بۆ بایکۆت، کۆبونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان و هاتنە سەرشەقام و راپەرینیکی گشتیدا قەراریان گرتووە. خۆپیشاندانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی دهۆک تەکانێکی بە ئیرادەی جەماوەری ناڕازی لەسەرتاسەری کوردسان بەخشیووە، ئەگەر پێشووتر زۆنی سەوز زۆرتر جێگای نمایشی خۆپیشانی سەرشەقام بوو، ئیستا زۆنی زەردیش لەبەردەم سێلاوی تورەیی جەماوەریدایە. دەسەڵاتی سیاسی لەسەرتاسەری کوردستان و بەتایبەتیش لە زۆن زەرد و هەولێردا، ئارامیان لێبڕاوە و پیشبینی هاتنە سەرشەقامی رەوای جەماوەری برسیەکان دەکەن.
ئەم هەلومەرجەو هاتنە مەیدانی جەماوەری پێویستی بە ئاسۆیەکی رۆشنی سیاسی، بە رێکخراوبوون، و یەکگرتووبوون، بە پەرچەمی شۆرشگێڕانە، هەیە کە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەو سەرمایەداری و حزبەکانی بۆرژوازی بە دەسەڵاتدار و بەناو ئۆپۆزیسیۆنەوە بکاتە نیشانە. وە بەپێی هاوسەنگی هیزو پێشرەوی خۆی ئاستی داخوازی و مەیدانی نەبەردەکانی پێویستی بە فەتح کردن هەیە. پیویستی بە پلان و نەخشەیەک هەیە کە جەماوەری تورە لە قوربانیدان بپارێزێت، نابێ رێگا بدرێت داخوازی و ویستەکانی جەماوەری ملیۆنی چینی کرێکار و موچەخۆران و بێبەشانی کۆمەڵگە کایەی پێوەبکرێت، نابێ ریگە بدرێت ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی خۆی تێکەڵ بە خواست و ویستی جەماوەری و ریزی خەباتکارانەیان بکات لە پێناو هەڵزنین و دەستڕاگەیشتن بە پۆست و دەسەڵات و بەشدار بوون لە سامانی دزروای خەڵکی کوردستاندا.
کات و سات، کات و ساتی چەپ و کۆمۆنیستەکانە... کاتی نمایشی رۆڵی رابەرانی چینی کریکار و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە بێبەشەکانی وەکو ژنان ولاوان و خویندکاران و بێکارانە، کاتی ئەو حزب و رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستانەیە کە تیکۆشەری رێگای دنیایەکی باشترن... کاتی ئەوەیە پەرچەمی کۆمۆنیستی و کرێکارانی کۆمۆنیست، بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری بە ئاقاری پێشرەوی سەرکەوتندا رابەری بکات و نەخشەو هەنگاوەکانی پێشرەوی بنەخشێنێت. بۆئەو مەبەستەش لەئیستاوە پیویستە چەپ و کۆمۆنیزم پلاتفۆرمی خۆی بۆ چونیەتی رامالینی ئەم دەسەڵاتەو هەنگاوەکانی پیشرەوی و ڕیگاکانی دامەزراندنی دەسەڵاتی پشت بەستو بە ئیرادەی جەماوەری بخاتە ڕوو. وە لەئیستاوە رۆڵی رابەری و خاوەندارێتی خۆی بۆ کۆمەڵگە نیشان بدات.
بۆرژوازی کورد بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە خۆیان ئەزموون کرد، ئیمتحانی خۆیان دا، شکستان خوارد و هۆکاری سەرەکی ئەم هەلومەرجە دۆزەخیەی ئیستای کوردستانن. کاتیان دەمێکە تەواو بووە، و دەبێ نەخشەی رامالینیان بە نەخشەیەکی رۆشنەوە دابرێژێت و دەسەڵات و رۆڵیان کەنار بخرێت و لە جیگاییدا دەسەڵاتێکی پشت بەستووی جەماوەری، جێگای بگرێتەوە کە زامنی ژیان و گوزەرانی تەسەل و خۆشگوزەران و زامنی دابینکردنی خزمەتگوازرییەکان و ئازادییە سیاسیەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکانی تەواوی هاوڵاتیان کوردستان بێت.
با بۆ ئەو نەبەردە ئامادەبین و بە وریاییەوە پلانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ رووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندانی جەماوەری پوچەڵ بکەینەوە...

**عەبدوڵا مەحمود**

# دەرمانی ئابووری و بێکاری بێشومار لە ئەمریکا
## ژمارەی بێکاران ٤٠ ملیۆنی تێپەرکرد

**سالار حەمە سەعید**

لەگەڵ قەیرانی کۆرۆناڤایرۆس و جێبەجێکردنی ڕێکارە توندوتۆڵەکان وقەدەغەی هاتووچۆ ژمارەی داواکارانی بیمەی بێکاری بەردەوام لە هەڵکشاندایە لە ئەمریکا، سەرەرای شلکردنەوەی ڕێکارەکان و لابردنی قەدەغەی هاتوچۆ، بەڵام هێشتا بێکاری بەڕێژەی ٢,٤ ملیۆن هەفتانە هەڵدەکشێ.

ڕێژەی سەرسوڕهێنەری بێکاری لەم قەیرانە ئابووریەدا بە ڕووداوێکی گرنگ و بێ هاوتا دادەنرێ لە ٧٠ تا ٨٠ساڵی رابردوودا کە هاوتای قەیرانە ئابووریە گەورەکانی سەدەی پێشووە. بێکاری کە تەواوی ئەمریکای داگرتووە لەو کاتەوە بەتایبەتی کە کۆرۆناڤایرۆس بۆتە هۆی داخستنی کۆمەڵگە و ڕێکارەکانی مانەوە لەماڵەوە جێبەجێکراوە لە هەوڵدان بۆ ڕاگرتن و بڵاونەبوونەوەی ئەم پەتا کوشندەیە.

سەرمایەداران دەزانن کاتێ ناتوانن دەرگای فەرمانگە و فرۆشگا و دوکان ومۆڵ وبازاڕەکان بەکراوەیی بهێڵنەوە و دوکان وبازارەکان دەبێ دابخرێ بەوپێیە ناتوانن بەرهەمەکانیان ساغبکەنەوە وە دەزانن کە مومکین نییە لەوەها بارو ڕەوشێکدا پارەپەیدا بکەن و یا دووبارە بیخەنەوەگەڕ، لەبەرئەوە چی دەکەن، کرێکاران لەسەرکارەکانیان دەردەکەن، تەنها لەبەر یەک هۆ کە ئەویش قازانجە. قازانج تەنها پاڵنەری سەرمایەدارانە بۆ هەرکار وچالاکیەکی بازرگانی وە کاتێ ئەم قازانجە لە سایەی وەها باروڕەوشێکی تایبەت و بێ هاوتادا دابین ناکرێ، سەرمایەداران پەنادەبەنە بەر دەرکردنی کرێکاران تا لە هەزێنەی خەرج و مەسرەفیان کەم بکەنەوە و لەم ڕێگەیەوە بتوانن قازانجیان دەستەبەر بکەن.

زۆرێک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا خەریکی خستنە پرۆسەی داواکانی بیمەی بێکاری ئەو ژمارە زۆرەن کە کەڵەکەبووە و هێشتا وەڵامیان پێنەدراوەتەوە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە کارەکانیان لەدەست داوە لە ئەمریکا لە ١٠ هەفتەی رابردوودا ٤٠ ملیۆنی تێپەرکردوە لەبەرئەوەی ژمارەی داواکارانی یارمەتیەکان لە دەوڵەت یاخود بیمەی بێکاری بەڕێژەی ٢,١ ملیۆن کەس زیادیکردەوە لە هەفتەی پێشوودا.

ئامارەکانی وەزارەتی کار پیشانی دەدات کە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس لە ئەمریکا ئیش وکارەکانیان لەدەستداوە لە مانگی نیساندا کە ڕێژەی بێکاری گەیاندۆتە




لەسەدا ١٤,٧ لەکاتێکدا ڕێژەی بێکاری لە مانگی مارسی ئەمساڵ دا لەسەدا ٤,٤ بووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە سەرەرای کەمبوونەوەی ڕێژەی گیان لەدەستدان بە بەراورد لە یەک دوو مانگی پێشوودا و ئەگەرچی ڕێژەی بێکاریەکە کەمێک هێۆربۆتەوە، بەڵام داواکارانی بیمەی بێکاری و یارمەتیەکان لە دەوڵەتەوە هەفتانە بەردەوام لە زیادبووندایە، دەتوانرێ بووترێ کە ئەم ڕێژەیە لەو بێکارییە ملیۆنییە هاوتای نەبووە لە قەیرانە گەورەکەی دەیەی ٣٠ یەکانی سەدەی پێشووەوە کە پێی دەگووترا "کەسادی گەورە".

هەروەها ئەم بێکارکردنە هەموو بوارەکانی پیشەسازی گرتۆتەوە، بەڵام هەندێکیان لەویتر خراپترو وێرانکەرتر. بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کار، ئەم مانگە پیشەسازی بواری گەشت وگوزار و میوانداری زۆر بەخراپی زیانی پێگەیشتووە ئەویش بەوەی ٤,٨ ملیۆن کرێکار وکارمەندی ئەم سێکتەرە بێکار بوون لەم بوارەدا کە دەکاتە لە سەدا ٤٠ ی ڕێژەی بێکاری ئەویش هەروەک دەزانین لەبەرئەوەی کە گەشت وگوزار و سەفەر بەتەواوی ڕاگیردراوە. هەروەها ملیۆنەها کەس لە خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە وفێرکردن وکارگەو فرۆشگاکان بێکارکراون.

ئەوی ڕاستی بێت تەنانەت پاش تێپەڕبوونی چەند مانگ لەدەست پێکردنی ئەم قەیرانی کۆرۆناڤایرۆسە وداخستنی تەواوی بوارەکانی کار وپیشەو سەنعەت هێستا زووە کە بتوانرێ ڕێژەی تەواوی بێکاری بزانرێ و وێنەی تەواوەتی بکەوێتە دەستەوە. بەکردنەوەی دووبارەی بازاڕ وفەرمانگە وکارگەو کۆمپانیاکان دوای شلکردنەوەی ڕێکارە توندوتۆڵەکان و قەدەغەی هاتووچۆ، هێشتا زووە تا بزانرێ مەودای قووڵی ئەم قەیرانە بەسەر کرێکاران و بێکارانەوە .

**٢٩ی مایسی ٢٠٢٠**

# منداڵان و حزب و لایەنە سیاسییەکان

**عەبدوڵا مەحمود**




حزب و لایەن و کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان هەر بەوە ناناسرێنەوە کە هەڵگری چ سیاسەتێکن و چ جۆرە رێکخستنێکیان هەیە. ستراتیژ و تاکتیک و دروشمی رۆژیان چییە، یان هەڵگری چ پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین. وە تەنها بەوە ناناسرێنەوە دەستیان بەکام دروشم و بانگەشەوە گرتووە، بەڵکو هاوکات کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی تر هەیە کە دەتوانێت ببێتە پێوانەی خستنە رووی ناسنامەی واقعی ئەو حزب ولایەنە سیاسیانە و ڕادەی پێشکەوتنخوازی یان داوکەوتووبوونیان.
یەکێکیش لەو خەسڵەتانە مامەڵەو بەرنامەی ئەو حزب و لایەنانەیە لە پەیوەند بە منداڵان و تازەلاوان مافەکانیان.

ئەگەر لەو سۆنگەیەوە بڕوانینە حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی و خانەوادەی بۆرژوازی کورد بەتایبەتی، ئەوا بێ دوودڵی ناوەرۆکی دواکەتووی و کۆنەپەرستبوونی ئەو حزبانە دەخاتە ڕوو.
منداڵان لە کۆمەلگەی کوردستاندا بێبەشترین توێژی زوڵملێکراو و فەرامۆشکراون... بەرنامەی هیچ کام لەو حزب و لایەنە سیاسیانەی بۆرژوازی کورد، زەمانەتیکی بۆ دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و وە داهێنەرانە بۆ منداڵان و تازەلاوان تیا نییە. باش بژیوی بۆ منداڵان بێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانیان نەک لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵکو خەبەرێک لە ستانداردێکی هاوبەش و چوونیەک بۆ منداڵان بەمەبەستی گەشەی مادی و مەعنەویان لە گۆڕیدا نییە. باسێک لە خەرجی پێویست و خزمەتگوزاری پزیشکی و فێرکاری، کەلتوری خۆڕایی تا دەگایە دایەنگەی مۆدێرن و ژینگەیەکی شیاوی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی... بۆ منداڵان نییە. هێشتا کاری قورس و پیشەیی بە منداڵان و تازەلاوان واقعیەتی تاڵی حاشالێنەکراوی کۆمەڵگەیە... هێشتا ئازاردانی منداڵان لەخێزان و قوتابخانەو لە ئاستی کۆمەڵگەدا تا سزادانی جەستەیی و گوشارو ئازادانی دەرونی دیوێکی تری هەلومەرجی منداڵان و تازە لاوانە. جیاکردنەوەی منداڵانی کچ و کوڕ لە قوتابخانەکان، بەدکەڵک وەرگرتنی جنسی لە منداڵان، بێبەش بوونی منداڵان لە مافە مەدەنی و سەردەمی و کۆمەڵایەتیەکان، بێبەش بوونیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت ڕاکیشانی منداڵان بۆ ناو دنیای سیاسەت و کاری سەربازی، منداڵانی لە دنیای خۆیان و لە کەشێکی تەندروستی سالم دوورخستۆتەوە... رەوتە ئیسلامیەکان منداڵان حجاب پۆش دەکەن و بارگاویان دەکەن بە ئایدۆلۆژیایی سیاسی و دینی و مەزهەبی... منداڵنێک کە بەهەر هۆیەکەوە لەدەرەوەی خێزان چاویان بەدنیا هەڵیناوە سوکایەتیان پێدەکرێت" بە بیژو" ناوزەرد دەکرێن، لە مافی یەکسان و... چوونیەکی منداڵان بێبەش دەکرێن. رەوایەتی دەدەن بە کچان تا پێش تەمەنی باڵق بوون هاوسەرگیری بکەن... بنەماڵە دەستڕۆشتوەکانی ناو حزب منداڵانی خۆیان لە تەمەن زۆر سەرەتاییەوە باردەهێنن تا ببنە سەرۆک وسکرتیر و رەئیس و روئەسای داهاتوو... هەر ئێستا دەیان سەرۆکی پاکەتی لە منالیەوە مۆری سەرۆک و بەپرسیاریەتی داهاتوویان لێدراوەو پاشەکەوتکراون تا جێگای باوک و باپیرە و مامیان بگرنەوە...
حزبە سیاسیەکانی ناو ماڵباتی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ هێشتنەوەی کۆمەلگە بەدواکەوتووی و نەزانی، ئامادەنین سیستەمی پەروەردەو فێرکردنێکی مۆدێرن بخەنە جێگای ئەو سیستەمە سەقەتەی پەروەردەو فێرکردن کە دەرفەتی ئازادی و سەربەستی و توانایی بریاردانی منداڵان و تازە لاوان و دەرخستنی تواناییەکانیان کلۆم داوە.

بەڵی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانە، تەنها حزبی میلیشیایی تاڵانچی نین، تەنها کۆنەپەرست و دژی پێشکەوتنخوازی نین، تەنها هەژاری و بێکاری و هەڵاواردن پەرە پێنادەن و بەتەنها خۆشخزمەتچی بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە نین، بەڵکو نەوەکانی داهاتووی ئەم کۆمەلگەیەش کە منداڵان و تازە لاوانن، لەلایەن ئەم دەسەڵات و حزبانەوە وەکو کاڵای ڕەق و کائینی گوێگر و بێبەش لە مافی ئینسانی تەماشا دەکەن... دەیانەوێ لە ئێستاوە کۆمەڵگەی خامۆش و گوێرایەڵ و بێ پرسیار بۆ ئاییندە دروست بکەن... دەڵێن دەبێ منداڵان گوێرایەڵ بن، لەقسەی باوک و دایکیان دەرنەچن، تا کە گەورەش بوون یاخی لەدەسەڵات و نابەرابەری نەبن و بێدەنگ بن... ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی و حزبە بۆرژوازییەکان، ڕووبەرووی دەیان سەدان رەخنەن کە بەرگری لە ستەمی مەوجود و تاڵانچی سەرمایەداری دەکەن، ئەوا وەستانەوە بەرووياندا و کۆتاییهینان بەدەسەڵات وکەنار خستنیان تەنها بەو هۆیەوە کە منداڵان و تازە لاوان، جێگای گرنگی پێدان نین و بێ مافن، بەسە بۆ دەرخستنی ناوەرۆک و پەیامی دژی ئینسانیان.
بەکورتیەکەی مامەڵە و بەرنامەی هەر حزب و لایەنێکی سیاسی لە پەیوەند بەمنداڵانەوە پێوانەیە بۆ ئاشنابوون بە پەیام و کارکردی ئەو حزب و لایەنانە.

# ئایینی ئیسلام ڕێگەخۆشکەرە بۆ تاوان بە دژی ژنان



هەتاو عەبدوڵاهی

بە درێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی و دوای هاتنە ئارای ئایین و دینە جۆراوجۆرەکان هەموویان بەربەست و لەمپەر بوون بۆ سەر ماف و ئازادی ژنان، چونکە لە لایەن پیاوان و لەبەر ڕۆشنایی قازانجی کۆمەڵگەی چینایەتیدا نووسراونەتەوە. ئەم ئایینانە هەردەم بۆ کەم کردنەوە دەسەڵاتی ژنان بووە و تا بە هەنووکەش ئەو ڕەوتە هەر بەردەوامە. هەر وەک دەزانین بە بێ جیاوازی هەموو ئایینەکان تەژیە لە سووکایەتی بە دژی ژنان، بەڵام لەو نێوە دا ئایینی ئیسلام توندوتیژترین و نامرۆڤانەترین یاساکانی بە دژی ژنان پێیە و تا سەر ئێسقان دژ بە ئازادی و مافی ژنانە. ژن لە ئایینی ئیسلام دا تەنیا و تەنیا ئەبزارێکە بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسی پیاو و وەک ئەندامێکی زاوزێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. ژن لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام ملکی سەرەکی پیاوە و هەر بە پێی ئەو ئایینە و بەڕیوەبەرانی، لە ڕێگای مارەیی بە پیاو دەفرۆشرێ و پیاو هەر جۆرێک کە حەز کات دەتوانی لەگەڵ ئەو ملکەی خۆی مامەڵە بکات. ژن ملکی باوک، برا، هاوسەر، خاڵ، مام، ئامۆزا وهەموو پیاوانی بنەماڵەیە و ئەوان دەسەڵاتیان بەسەریدا هەیە تەنانەت زۆر جار کوری دراوسێش بەو هەستە سەیری ژنانی گەڕەک دەکا و تەداخوڵی ژیانیان دەکات، چونکە ئایین و کۆمەڵگەی ئایینی و سونەتی ڕێگەی پێداوە. ژن لە یاساکانی ئیسلامدا وەک هاوڵاتی پلە دوو حیسابی بۆ دەکرێ، نیوەی پیاو میرات وەردەگرێ و لەو ئایینەدا دوو ژن بە یەک شایەت حیسابە. لە ئایینی ئیسلام ئەگەر ژنێکی دوو گیان بە ڕوداوێک گیان لە دەست بدا و ئەگەر منالی ناو زگی کوڕ بێ دیەی کوڕەکە لە ژنەکە زیاترە. ژن کوشتن لە ئایینی ئیسلام لە ژێر ناوی خیانەت و نامۆس ڕێگەی پێدراوە و حوکمی بەردباران و توندوتیژی بە تاوانی خۆشەویستی ڕەوایی پێ دراوە. مافی خاوەنداریێتی منال و هەموو مافەکانی تر لەو ئایینە قیزەونە و لەو وڵاتانەی کە ئیسلام تیدا حوکمرانی دەکات یاخود ڕوانگەی ئیسلامی زالە لێ زەوت کراوە. بە گشتی ژن لە ئایینی ئیسلامدا بە بێ عەقڵ ناوی لێ دەبردرێ کە دەبێ هەمیشە پیاوێک بڕیاری بۆ بدات، چوونکە توانای بیرکردنەوە نییە و کەسێکی کامڵ نییە. ژنان لە زۆربەی ولاتانی ئیسلامی بە تایبەت ئەو وڵاتانەی دەقە شەرعی و ئایینیەکان حوکم دەکەن ساڵەهای ساڵە دەچەوسێنەوە و بە دژی ئەو ناعەداڵەتیە خەبات دەکەن. ژنان تەنانەت لەو ولاتانەش کە بە ناو دین لە دەوڵەت جیایە، بەڵام ستراکتۆری سیاسی و کۆمەڵایەتیەکەی ئیسلام بە سەری دا زالە بەردەوام توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ و دەچەوسێنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو پرسە پەرە دەستێنێ. تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشدا کە جیهان بەرەو ئاقارێکی تر دەروا ژنان هەر لە ڕیگای ئەو ئایینە قیزەونەوە دەفرۆشرین و وەک غەنیمەی شەر بەکار دەبردرێن کە دەتوانین باس لە نمونەی ژنانی ئێزیدی و کارەساتی شەنگال بکەین کە زۆربەی ئەو ژنانە بە کۆیلەی جنسی کران و لە وڵاتانی تر مامەڵەیان پێ کرا و فرۆشران. زۆربەی ئەو ژنانەی کە لە لایەن داعشەوە بە دیل و کۆیلەی جنسی گیران منالانی ژێر تەمەن بوون کە کارەساتێکی مرۆڤی خولقاند ئەو ژن و کچانەی تا بە هەنووکەش زۆربەیان دیلی دەستی داعشن و بنەماڵەیان چاوەڕیی گەڕانەوەیانن. ژن لە ئایینی ئیسلام دا عەقڵ ناقسە و وەک مرۆڤی پلە دوو بە ئەژمار دێ. لە ئایینی ئیسلام دا ژن ناتوانێ بڕیاردەری ژیانی خۆی بێ و پیاوانی بنەماڵە دەبێ بڕیاراتی ژیانی بۆ بدەن، چوونکە ئایین ڕێگەی پێ داون تەنانەت ئەگەر ژنەکە تەمەنی یاساییشی تێپەڕاندبێ.یەکێک لەو وڵاتانەی کە یاسای بنەڕەتیەکەی لە سەر ئایینی ئیسلام ڕۆنراوە و دەقە شەرقی و ئایینیەکان تێدا پەسند کراوە بەکار دەبردرێ بە دژی ژنان ولاتی ئیرانە. ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ئەو ڕژێمە سەدەناوەڕاستییە بە دژی ژنان شمشێری لە ڕوو بەست و هەموو هەوڵی دەسەلاتەکەی وەگەڕ خست تا ژنان لە پڕۆسەی سیاسی و ئابووری دوور بخاتەوە. ژنان لەلایەن دەسەلاتی سەرکوتگەرەوە تەنانەت مافی پۆششیشیان لێ زەوتکراو حیجابی زۆرەملییان بەسەردا سەپا. مافی شارۆمەندی، سەرپەڕەشتی بنەماڵە، مافی سەرپەرەشتی منالّ، مافی تەڵاق، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و هەموو مافە ڕەواکانی مرۆڤی لە ژنان زەوتکراو و ژن وەک کەم عەقڵ و ملکی پیاو پێناسە کرا. سەرەرای بێمافی کۆماری ئیسلامی کوشتن وقەتڵی ژنان و بەردباران و توندوتیژی لەلایەن دەسەڵات و خەڵکەوە یاسایی کرد و لە هیچ کردەوەیەکی قیزەون بە دژی ژنان نەپرینگاوە. ئەوە کە جێگای سەرسوورمانە پارادۆکسێک لە ناو خودی دەقە ئیسلامیەکان بە دژی ژنانە، هەر وەک ئاماژەمان پێکرد ژن لە ئیسلام و وڵاتانی ئیسلامی شارۆمەندی پلە دووە و لە بواری عەقڵی نابالغە و پیاو دەبێ بڕیاری بۆ بدات واتە لە تەمەنی یاساییش وەک کەسێکی عەقڵ ناقس حیسابی بۆ دەکرێ، بەڵام هەر لە هەمان ئایین دا جەستەی کچێکی تەمەن نۆ سالان لە ژێر ناوی زەواج و مارەیی کە هەر فرۆشتنی ژنانە ئامادەی دەستریژی کردنە و پیاو هەر تەمەنێکی بێ دەتوانێ بە پێی خواست و مەیلی خۆی دەستدیژی بکاتە سەر، چونکە لە روانگەی ئیسلامەوە کچێکی نۆ سالان ژنێکی کامڵە و جەستەی ئامادەی سێکسە. بە سەدان نمونەی زیندوو هەیە لە ولاتانی ئیسلامی و دواکەوتوو کچانی تەمەن نۆ سال لە ژێر ناوی مارەیی فرۆشراون و توندوتیژترین تاوانەکانیان بە دژی ڕەوا کراوە کە دیاردەی نالەبار و توندوتیژی و کارەساتی گەورەی لێ کەوتۆتەوە. سالەهای سالە چالاکانی مافی منالان هەوڵ بۆ بنبڕ کردن و لە ناو چوونی توندوتیژی بە دژی منالان بە تایبەتی زەواجی منالانی ژێر تەمەن دەکەن، بەڵام لە ولاتانی ئیسلامی ئەو دیاردە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە. لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی بەهۆی هەژاری لە ڕادەبەدەری بنەمالەکان و ماڵوێرانیەک کە دەسەلات بەسەری دا سەپاندوون دیاردەی بە شوودانی کچانی ژێر تەمەن ڕۆژ بە رۆژ خەریکە پەرە دەستێنێ. کچانی ژێر تەمەن لە زیارەتخانەکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی سیغە دەستدرێژیان پێ دەکرێ و بە ئەو کەسانەی سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن دەفرۆشرێن و بە دانی برە پارەیەک قیزەونترین هەڵسوکەوتێکیان بەرامبەر دەکرێ. لە سەردەمی سەرمایەداریدا ژنانی شەنگال وەک کۆیلەی جنسی کڕین و فۆڕشیان پێ دەکرێ، جەستەی ژن وەک کالا سەیری دەکرێ بۆیە ژن ئازاد نییە و ئەوە ڕون وئاشکرایە تا سەرمایەداری هەبێ دیاردەی زوو بە شودانی کچان و توندوتیژی و دەستدڕێژی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ بۆیە چالاکانی ئازادیخواز دەبێ سەنگەرەکانی خەبات بە گڕو تین تر بکەن تا دەسەلاتی سەرمایە لە ناوبەرن و سیستمێکی مرۆڤتەوەر کە هەموو تاکەکان تێدا خاوەن مافی هەڵبژاردن و ئازادی رەهان بنیات بنێن. ئازادی ژنان و نەمانی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و بنیاتنانی جیهانێکی جوان و بێ گەرد بۆ منالان و نەوەکانی داهاتوو بەندە بە دامەزرانی سیستمێکی سۆشیالیستی کە هەموو تاکێک تێدا خاوەن مافی یەکسان بێ...

# کەلتوور و ئایدۆلۆژیا و ئەخلاق

چەوساندنەوە و جیاکاری و بێمافیەکی ئاوا لەڕادەبەدەر و بەشێوەیەکی ئاوا زەق و ئاشکرا، بەبێ تەسلیم بوون و ڕەزامەندیی خودی کۆمەڵانی بەرینی چەوساوە و بە ڕەوا لەقەڵەمدانی ئەم پەیوەندیە چەوسێنەرایە لە زەینی خودی قوربانیانیدا ناتوانێ خۆی بە پێوە ڕابگرێ. پاساوکردنی ئەم هەلومەرجە و، بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەمدانی و، ترساندن و سڵەماندنەوەی ژێردەستانی کۆمەڵگە لە یاخیبوون لە دژی ئەم پەیوەندیانە، ئەمانە ئەرکەکانی ڕووبینای فیکریی و کەلتووریی و ئەخلاقییە لەم کۆمەڵگەیەدا.

جبەخانەی کەلتووریی و ئەخلاقیی بۆرژوازی لە دژی ئازادی و ڕزگاریی ئینسان یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەرە. بەشێک لەم ئامڕازانە لە چاخە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە، بەڵام بە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی ئارایش و دەمەزەرد کراونەتەوە. دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، سۆز و دەمارگیریە ئەخلاقیە ساویلکانەکان، ڕەگەزپەرستی، نەژادپەرستی، پیاوسالاری، هەموو ئەمانە بەدرێژایی مێژوو چەکە فیکری و کەلتووریەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە بوون بۆ کپکردن و ملکەچکردنی جەماوەری زەحمەتکێشی کۆمەڵگە. هەموو ئەمانە بە بەرگی تازە و توانای تازەوە، لەسەردەمی ئێمەدا خزمەت بە پارێزگاری کردن لە خاوەندارێتی و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوایی دەکەن لە مەترسی هۆشیاربوونەوە و وریابوونەوە و ڕەخنەی چینی کرێکار و کۆمەڵانی چەوساوە. بەڵام ئەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی خۆی لەمەڕ ئامڕازە فیکری و کەلتووریەکانی یەخسیرکردنەوە دایهێناوە زۆر لەمانە مەزنتر و کارامەترە. قازانج پەرستیی فەردیی و ڕکابەرایەتی، واتە لۆژیکی هەڵسوکەوتی بۆرژوا لە قەڵەمڕەوی بازاڕدا، بە سروشتی ئینسان بەشێوەیەکی گشتی لەقەڵەمدەدرێت و وەکو بەها بەرزەکانی بەشەر تەقدیس دەکرێت. لەم کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی نێوان ئینسانەکان، ڕەنگدانەوە و پاشکۆی پەیوەندی نێوان کالاکانە. جێوشوێنی ئینسانەکان لە پەیوەند بە خاوەندارێتیەوە پلەوپایە و بەهای ئەوان دیاری دەکات. بۆرژوازی چەقبەستن و ئارایشی. خۆجێیی و بەرتەسکی کۆمەڵگەی کۆنی تێکشکان و وڵاتەکانی پێکهێنا. ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریی مۆدێرنی بۆرژوایی، وەکو بەهێزترین کۆتی ئایدۆلۆژیی چینە دەسەڵاتدارەکان لە تێکڕای مێژوودا، لە گەردنی کۆمەڵانی خەڵک ئاڵا و جێگای ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتگەریی و ناسنامەی خۆجێیی گرتەوە.

بیروباوەڕی زاڵ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە. بەڵام باڵادەستی و کۆنترۆڵی فیکری و کەلتووری و ئەخلاقیی بۆرژوازی بەسەر ژیانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا لە ڕووی مەودا و قووڵیەوە بێوێنەیە. شۆڕشە زانستی و تەکنیکی و پیشەسازیە مەزنەکانی دووسەد ساڵی ڕابردووو میکانیزمی بەهێزی بازاڕ کە هەموو سنورێکی میللی و ڕەگەزی و سیاسی و کەلتووری بەزاندووە، ئیمکاناتێکی بەرینی خستۆتە بەردەستی بۆرژوازی بۆ پاراستنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی و ڕەواج پێدانی پرەنسیپ و بیروباوەڕە خورافیەکانی خۆی لە ئاستێکی جیهانیدا. لە قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی هزرو بیروبۆچوونیشدا، ڕێک وەکو قەڵەمڕەوی بەرهەمهێنانی شمەک، توانای خوڵقێنەرانەی ئینسان بووەتە چەکێک لە دژی خودی خۆی. ئەو داهێنان و پێشکەوتنە بێشومارانەی کە لە سەدەی بیستەمدا لە زەمینەی گۆڕانکاری لە شێوازە ئەدەبی و هونەریەکان، گۆڕانکاری لە میدیا بیستراو و بینراو و کۆمپیوتەریەکان و لە پەرەپێدانی مەیدانە جیاجیاکانی هەڵسووڕانی کەلتووریدا ڕوویداوە، لە پلەی یەکەمدا، بووەتە مایەی بۆمبارانکردنی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی ملیۆنیی خەڵک بە بیروباوەڕە بۆرژواییەکان، لە شکڵ و شێوەی کاریگەرتر و ئاڵۆزتر و هەمەڕەنگتردا. سەرهەڵدانی هۆیەکانی پەیوەندی گشتی و ئەنفۆرماتیکی و تۆڕەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و لەم دوو دەیەی دواییدا، کە کۆکردنەوە و گواستنەوەی خێرای زانیارییان لە سەرانسەری جیهاندا زۆر ئاسان کردۆتەوە، بەدەستی بۆرژوازیەوە بوونەتە دامودەزگای زەبەلاحی پەخشکردنی زانیاری شێوێنراو و داسەپاندنی بیروباوەڕ و هەڵخڕاندنی خەڵکی لە ئاستی سەدان ملیۆنیدا. میدیا و پیشەسازیی نمایش، کە خۆیان لە پڕقازانجترین قەڵەمڕەوەکانی جموجۆڵی سەرمایەن، بەشێکی زۆر لە ئەرکە تەقلیدیەکانی دامەزراوەی خێزان و دەزگا دینیەکان و تەنانەت ئۆرگانەکانی سەرکوتیان لە کۆمەڵگە گرتۆتە ئەستۆ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینن لە پاراستنی ئەم هاوسەنگیە ئایدۆلۆژیەی لە کۆمەڵگە هەیە، لە گواستنەوەی بیروباوەڕ و مەعنەویات و ئەخلاقیاتی زاڵ بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە پاوانکردنی فیکریی و لە قاڵبدانی مێشکیان، لە بەتاکخستنەوە و تۆقاندنیان و پوچەڵکردنەوەی بیروباوەڕ و بۆچوونە ڕەخنەگرانەکان لە کۆمەڵگە. ئەم دامەزراوانە و ئەم شێوە مۆدێرنانەی پاوانکردنی فیکریی و کەلتووریی کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی کۆمەڵگەی بۆرژواییە، بەتایبەت لە هەلومەرجی قەیران و بێئاسۆیی و بەرزبوونەوەی نارەزایەتی گشتیدا.

**چەند پەرەگرافێك لە دنیایەکی باشترەوە**

# هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا

## "ڕاپۆرتی بۆپێشەوە



**تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستن ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..**

**پرسی ژن**

**؟**

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن**

**بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت:** shwana.journalist@gmail.com

ناپلیۆن بۆناپارت کە بووە ئیمپراتۆری فەڕەنسا وتی: »ئافرەت بە دەستێکی لانکە و بەدەستێکی هەموو جیهان رادەژەنێ«، یان نووسەری ڕووسی سۆخۆملینسکی پسپۆڕ لە بواری پەروەردە دەڵێت: «ئافرەت لە پەروەردەکردنی خۆشەویستیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و نەک هەر دایکی منداڵە، بەڵکو پیاویش پەروەردە دەکات«، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە دەڵێت: ئەوە ژنی ئازا و بەهێز و دڵسۆزە، پیاوی ئازا و بەهێز و دڵسۆز دەخوڵقێنێت و پیاو بە ڕۆحی ئافرەت دەوڵەمەندەو ناچار دەبێت، قەدری جوانی بگرێت .«با بزانین بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی بۆپێشەوە چۆن لە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت دەڕوانن؟ بێگومان لەگەڵ دەستپێکی هاتنە کایەی مرۆڤایەتیدا ئافرەت وەک بوونەوەرێکی تەواوکەر لەگەڵ پیاودا رۆڵی کاری لە پێکهێنانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هەبووە و لە ڕێکخستنی خێزان و دروستکردنی پیاوی مەزنیش حاشا لە تواناکانی ناکرێ. ئەم بوونەوەرە میهرەبانە بە هەموو سەبر و ئارامی و بەخشندەیی خۆی توانیویەتی تەنانەت مێژوو بنەخشێنێت .شنە پشدەری : چالاک لەبواری مافەکانی ئافرەت، لە لێدوانێکیدا بۆ بۆپێشەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ مێژووی کورد و ڕۆڵی ئافرەتی کورد بەمجۆرە هەڵدەسەنگێنێت »ئەگەر لە مێژووی کورد و کوردستان وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئافرەت چ ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی هەبووە و هەیەتی لەژیانی پیاو و کۆمەڵگەی کوردیدا، گوتیشی »ژیانی ڕۆڵەی کورد بە شێوەیەکی گشتی و بە ئافرەت و پیاوەوە بەستراوەتەوە بە ژیانی سیاسی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەزعەی کە کورد تێیدا ژیاوەو دەژی، هەر بۆیە ناتوانین ڕۆلیان لەیەکتر جیا بکەینەوە، بە بۆچوونی من هەر کۆمەڵگەیەک دان بە ڕۆڵی ئافرەتدا نەنێ و لە پۆستەکانی بڕیاردان و بەڕێوەبردن دووری بخاتەوە، ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و پیاوسالاری دەڕوات، ئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ مانەوەی کۆمەڵگە لە بازنەیەکی بچووک و قاڵبێکی تەسکدا، ئافرەتی کورد لەم سەردەمەش بە بێگومان ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە، ناتوانین بڵێین رۆڵی ئافرەتی کورد پشتگوێ خراوە و کاریگەری نەبووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو هەوڵ تەقەلا و کارێک لەسەر بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی ئافرەت ئەنجام دراوە، ئافرەتیش خۆی زیاتر لەهەوڵدانە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بوونی خۆی و گرنگی ڕۆڵی لە ژیانی پیاودا بکات، بەڵام پێویستە لەناو خیزان زیاتر ڕێز لە ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت بگیرێ، چونکە بناغەی خێزان و سەرچاوەی خۆشەویستی و گەرمکەرەوەی هێلانەی ژیان ئافرەتە، سەقامگیری خێزانیش بە بەرز ڕاگرتن و ڕێزلێنان لە ئافرەت مسۆگەر دەبێت، کەواتە ژیان بە بێ بوون و ڕۆڵی ئافرەت هیچ واتایاکی نابێ. لە کۆمەڵگەی کوردیش وەک هەموو کۆمەڵگەکانی دیکە هەندێک کەموکورتی بەرامبەر بە ئافرەت هەیە، بەتایبەت لەپێشێلکردنی مافەکانی و باوەڕنەکردن بە توانای ئافرەت و تەنانەت لەهەندێک بوار ئافرەت دوور دەخرێتەوە و هێڵی سووری بۆ دادەنرێ، لە هەندێک خێزانیش دەبینین پیاوەکە واهەست دەکات کە ئافرەت ڕۆڵی سەرەکی نییە لەخێزان، بەڵام کاتێک کە ئافرەتەکە لەماڵ نابێت، هەموو شپرزە دەبن و نازانن چۆن ماڵەکە بەڕێوە ببەن، بۆیە بێگومان ئافرەت و پیاو بۆ بەردەوامبوونی ژیان تەواوکەری یەکترن و دوارۆژیان بە یەکترەوە بەستراوەتەوە. تەنانەت لەدابینکردنی سەرچاوەی ئابووری خێزانیش ئافرەتی کورد رۆلێکی گەورەی هەیە، رێژەیەکی زۆری ئافرەتەکانمان بۆ باشترکردن و بەرەوپێشخستنی باری ئابووری خێزان چ لە دەرەوەی ماڵ و چ لەناوماڵ کار دەکەن، کەواتە پێویستە دایک و باوک، یان ئافرەت و پیاو بە بایەخ و گرنگییەکی زۆرەوە سەیری بەهاکانی یەکتری بکەن .«ڕۆژنامەنووس زانا حسن : پێیوایە ئافرەتی کورد بەگشتی بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە ئەو ڕۆڵەی پێنەدراوە، ئەگەر ڕۆڵیشی هەبێت، زۆر کەمە، لەبەر ئەوەی ئافرەت هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان مافەکانی پێشێل دەکرێت، بگرە هەتا لەبەشوودانی کە چارەنووسی ژیانیەتی، ئەو ئازادییەی نییە کە ئارەزووی خۆی دەرببڕێ«، گوتیشی »دەکرێ بڵێین لەنێو بەشێک لە کۆمەڵگە شارستانییەکان هەندێ ئافرەت تا رادەیەک لەمافەکانیان تێگەیشتوون و توانیویانە ڕێنیشاندەری پیاویش بن، خۆشبەختانە ئافرەتی کوردیش ڕۆڵی سەرەکی لە کۆمەڵگە هەبووە و تەنانەت پیاوی مەزنیشیان پەروەردە کردووە .«زانا حەسەن جەختی لەوەش کردەوە کە نەک هەر لە کۆمەڵگەی کوردی بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگەکانی دواکەوتووی نێرسالاریدا مافەکانی ئافرەتان بە رەوا نابیندرێ، گوتیشی »دیارە هیچ کێشەیەک بێ ماندووبوون و تێکۆشانی بەردەوام چارەسەر ناکرێ و پێویستە بۆ ئاگادارکردنەوەی تاک و کومەڵگە بەرامبەر بە پێگەی ئافرەت هەوڵی بەردەوامان هەبێت، چونکە ئافرەت دایکە، خوشکە، هاوسەرە و هاوبەشی ژیانی پیاوە، دەبێ زۆر پیرۆزتر لەوەی هەیە رەفتاری لەگەڵ بکرێ، گەشبینیشم بەوەی کە چەند بەرەو بەشارستانی بوونی کۆمەڵگە بچین، ئەوەندە لەو تێگەیشتنە نزیک دەبینەوە .«ئاواز قادر :چالاکی بواری ئافرەتان ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت »زۆربەی بیرمەندان رایانوایە ژن یەکەم داینەمۆی پەروەردەیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پیاو بەرپرس نییە، یان تەنها ژن تەنها کاری پەروەردەیە، بەڵکو



ئەوە دەگەیەنێت کە ژن تواناو کاریگەری زۆرە لەپڕۆسەی پەروەردەدا، مامۆستا هەژار موکریانیش لەچێشتی مجێوردا بەرامبەر بە سوپاسی بۆ هاوسەرەکەی دەڵێت: خۆزگە لەبری ئەوەی پەیکەر بۆ پیاوە گەورەکان دروست بکرایە، پەیکەریان بۆ فرمێسکەکانی ژن و خوشکەکانیان دروستدەکرد، چونکە ئەوان لەپشت سەرکەوتنەکانی پیاوانەوە وەستاون. بۆیە دەبێت کۆمەڵگە ڕێز لە گەورەیی ژن بگرێت، ژنیش خۆی ئەو گەورەییەی بپارێزێت، بەپێی سەردەم و ڕۆژگارەکان بەرپرسیاریەتەکەش دەگۆڕێت .« جەختی لەوەش کردەوە کە ئافرەتان هەر سەردەمەو پێویستییان بەچەکێکە بۆ هاتنە مەیدان و ئێستاش لەسەردەمی تەکنەلۆژیاو مۆدێرنیتەدا لەهەموو کات زیاتر پێویستییان بەبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆیان هەیە، تاوەکو بتوانن بەرامبەر بە ئەرکی خۆیان سەرکەوتوو بن و مافەکانیشیان مسۆگەر بکەن.

**ئامادەکردنی: شوانە حەسەن**
**ئەبوبەکر**

**ئەگەر هێشتا چەوسانەوەی ژنان و دژی ژن بوون و هەڵاواردنی دژی ژنان ڕاستییەکی جێکەوتووی ژیانی خەڵکی ئەم سەردەمەیە، ئەگەر سەرەڕای بوونی بزوتنەوە بەهێزو کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕزگاری ژنان، هێشتا چەوسانەوەی ڕەگەزی لە هەرچوار گۆشەی دونیا بەردەوامی هەیە، ئەبێت ڕاستییەکەی هەر لێرەدا، هەر لەم سەردەمەو لە بەرژەوەندی هەر ئەم سیستەمەدا بەدواداچوونی بۆ بکرێت.**
**تاوان لە ئەنجامی "شێتگیری" بۆی هەیە هەمیشە ڕوودات. بەڵام ئەو جۆرە شێتگیرییەی کە بەردەوام قوربانییەکانی، لەسەر شەقام و لەماڵ و لە قوتابخانەو کارگەکاندا، بەشێوەی سەرەکی ژنانن، ئیتر شێتی نییە، بەڵکو دەربڕی گۆشەیەک لە شێتگیری بیری زاڵە بەسەر کۆمەڵگەدا.**

**مەنسور حیکمەت**

# تابلۆی Waiting یا ترس لە سڕینەوە

تـابـلـۆی waiting واتـای چـاوەروانـی، لەلایەن هونەرمەندی تەشكیلی دلشاد كوێستانی، نەخشێنراوە، هونەر بەگشتی، ئەو ژانەرەیە مرۆڤ دەتوانێ لەو ڕێگایەوە دیوی ناوەوەی خۆی، تەوزیف بكات، بەواتا فیگەری هونەری شێوەكاری، گەیشتن نییە بەڕێگایەكی دیاریكراو، بەڵكو خودی ڕێگاكەیە، لەو ڕێگەیەوە هونەرمەند بۆ كیشوەرێكی تر دەگەڕێ، كە خۆی تیا دەبینێتەوە، ئالێرەوە ئەركی هونەرمەند، دەردەكەوێ چۆن و بەچ میكانیزمێكی هونەری دەتوانێ ئەو پەیامە ئینسانییە تەوزیف بكات، یاخود دنیابینی خۆی و ڕوئیای ئیستاتیكیانەی نمایش بكات.




لێرەدا هونەرمەند كوێستانی ئیش لەسەر سیمۆلۆژیا دەكات لە كارە هونەریەكانیدا، واتە دلشاد دەیەوێ لەڕێگای ڕەنگەكانەوە، ئەو وێنەیەی كە لەئەندێشەو بیرو هزریدایە لەسەر تابلۆیەك وێنای بكات، كوێستانی لەتابلۆی چاوەڕوانیدا، پۆترێتی دەم و چاوی ژنێكی نمایش كردوە، كاتێك ورد دەبیتەوە لەم تابلۆیە كەناو نراوە چاوەڕوانی، جگە لە هێماو نیشانەو گرژی كە بۆتە سترێسێك بۆ دەم چاوەكە، دلشاد وانیشانی دەدات، ئەم شێوەیە هێمایەكە بۆ چاوەڕوانی، بەڵام ئەوەی زیاتر تابلۆكەی جوانتر كردوە، هەر ئەوە نییە كە دەم چاوەكە لەدۆخی چاوەڕوانیدایە، بەڵكو جورێك لە ترس و شكست و تاڵە داوێكی ئومێد ماوەتەوە لەلای ئەم دەم وچاوە، لەترسی ئەوەدایە. چاوەڕوانیەكەی دواجار نەیگەیەنێتە دۆخێكی ئارامی و جێگیر. دلشاد وریایانە مامەڵەی لەگەڵ ڕەنگەكاندا كردوە، بەشێوەیەك هارمۆنیەتی ڕەنگەكان و وێناكردنی. بەرجەستەبكات. دڵشاد لە وێناكردنی تابلۆی چاوەڕوانی وێنای مەسەلە (هەستی و هزرییەكان) لەڕەنگ وشێوە وجووڵە و جێگە و زەمەن و ڕوناكی دیاری دەكات. واتە هونەرمەند دەیەوێ لەڕێگای نمایشكردنی ئەم دەم وچاوە پڕ لە ترس و ڕاڕایی و چاوەڕوانییە بینەر بەدوای هۆكارەكەیدا سەرقاڵ بكات و بە ماندوبون كەشفی ئەو دنیا شاراوەیە بكات، كە پڕن لە دەم و چاوی پڕ لەچاوەڕوانی. وێنە دیدەییە ستاتیكیەكانی دلشاد كوێستانی بوارێكی شیكاری لەبەردەم بینەردا دەكاتەوە، تاوەكو دواتر بینەر خۆی بتوانێ ڕۆبچێتە نێو وردەكاری ئەو (چاوەڕوانی)یە.

**جەمال نوری**

# بەشێكی تر لە قەسیدەی ئاهێكی سەرد

ئەو هەموو ئەستێرانەیان ئەتك كرد
ئاسمان ورتەیەكی لێوە نەهات
مانگ پارچەیەكی لێ نەشكا
دەریایەك مانی نەگرت
قوپتانێك
شەپقەكەی دانەگرتە خوارێ

ئەو هەموو بوكە شوشانەیان شكاند
ماسیەك نەگریا
دۆلفینێك ئاگرێكی نەكردەوە و
پشكۆیەك لەبەر دەرگای ماڵی خوادا
یەخەی خۆی دانەدڕی

سەری ئەو هەموو دار
سنەوبەرانەیان بڕی
فرمێسكێك لەچاوی شمشێری
دەرویێشێكەوە
نەكەوتە سەر پەڕەی قورئانێكی
سەر بەرەوخوار هەڵواسراو
ئەو هەموو ئینجیلەیان سوتان
سەلیبێك لەگەردنی یەسوس نەڕژایە
خوارێ
فرمێسكێك خۆی نەخستە كوپەیەكی
شكاوەوە
باڵندەیەك ئەم هەواڵەی بەپۆستێكی
سپیدا نەگەیاندە عەرشی عەزیم

ئەو هەموو كراسە ئەرخەوانیانەیان
لەبەری كچە عازەبەكانی شەنگالا دڕاند
سەرۆك لەبەر دەرگای ماڵی هەنسكی
بێوە ژنێكا ڕانەوەستا

تۆ بلێ خودایە
تۆبلێ
دانیشتنی دوێنێ شەوی منوو تۆ
لەسەر مێزێكی قاچ شكاو
گفتوگۆیەكی سەرپێی بوو
یان پێكەوە سەردانی ئەو گۆڕانەمان
كرد
كە تائێستاش بۆنی فرمێسكی
فریشتەكانی
ئەم عەدەمەی لێدێ

نا خودایە
ئەگەر ئەمجارە هاتیتە خوارێ
سەبەتەیەك ئەستێرەی شكاومان بۆ
بێنە
بەرچنەیەك شمشێری
دۆڕاومان بۆفڕێدەرە خوارێ
لەبەر دەرگای هەر یەكمان مشتێ
گڕی سەوز بچێنە نەبا سۆفیە دڵ
شكاوەكان
لێمان دلگیر بن كاتێك
لەسەفەری مردن
دەگەڕێنەوە

خودایە تۆبلێی ئەم وجودە
بریتی بێت لەژمارەی هیچ
لەسكاڵای بێ كراس لە ماچی بێ شەپقە
لە هەنگاوی شكاو
لەگۆرانی بێ سەرو بەر
لە خەوی بێ ناونیشان

دادەبەزێت
وەك خەمێكی سپی
وەك ئازارێكی نارنجی
بەخۆی و باڵایەكی بەرزەوە
بە دوو چاوی هەنارییەوە
بەسنگێكی شمشاڵییەوە دادەبەزێت

جارجارە لەودیو
پەنجەرەكەمەوە ڕادەوەستێت
سەرێكم لێ ڕادەوەشێنێت
بە بارانا كراسێكی شینم بۆ دەهێنێت
وێنەی باوەش و ماچێكم لەسەر
ڕۆحی بۆدەكێشێت

بێدەنگ بێدەنگ
بوخچە دڕاوەكەی پڕ دەكات
لە هەناسەی سەردو لەگمەی كۆتر و
لە زەردەخەنەی چۆلەكە و
لەتوڕەبونی ڕەشەبا و
لە بۆڵەبۆڵی دار سێوێكی نەگەیی و
لە ژوور سەرمەوە دای دەنێت
دادەبەزێت
من خۆم و خۆم
ئەو خۆی و خۆی
من بەهێمنی باران و
سەمای بەفرێكی ڕوتەوە
سەری كۆڵانەكە دەگرم
چەند پەنجەیەكی دەستمی
بۆڕوت دەكەمەوە
دوگمەی ستیانەكەی چاومی
بۆدەترازێنم
خۆمی بۆ پڕ دەكەم لەخۆم
خۆمی تیا دەڕوێنم
لەسەر تارمای دڵی هەناسەیەك
موتوربە دەكەم
سێبەرێك دادەگیرسێنم
دەرویێشانە
ئەو ناوە پڕ دەكەم لە
هەناسەی سەرد و
گلەیی سەر نوكی شمشێرو
خاوبوونەوەی دڵی دۆلفینێك ئەوكاتەی
كەدەكوژرێت
دا دەبەزێت نەپرسیاری یەكێك دەكات
نە بەدوای خۆیدا دەگەڕێت

لەم جەستە شكاوەی خۆم٠ دەردەچم
خوێنی خۆم بەدەستی خۆم دەڕێژم
چاوی پەنجەرە دووڕوەكان بەردباران
دەكەم
ناوچەوانی كۆڵانە
ترسنۆكەكان پڕدەكەم لەتف

ئێسقانەكانی ئەم جەستە بەتاڵەشم
دەخەمە بەردەمی سەگێكی پیری
گۆچان بەدەست
دەبمە دراوسێی واشەیەكی كوێری لوت
بەرز
ئەو گورگانە فێری سەما دەكەم
كە نهێنیەكانی ڕاو لای هیچ فاڵچیەك
باس ناكەن
یاخی دەبم سێبەرە هەلا هەلاكەم
دەخەمە تابوتێكی كون كونەوە
و بەدوای خۆمدا
ڕایدەكێشم
بەدزی مردووە بێتاقەتەكانەوە
گۆڕێك بۆخۆم هەڵدەكەنم
قورئانێكی ڕەنگ زەردی خەتم نەكراو
لەژوور سەرمەوە دادەنێم

**حەكیم میرزا**



## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەكی تایبەتی بۆپێشەوەیە كە لەهەر ژمارەیەكدا بابەتێكی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێكستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەكاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەكرنی گۆشە: كاوان قادر، هیوا ساڵح، حەكیم میرزا

گۆشەی ئەدەب و هونەر

# تابلۆی باڵندە دەنووك سورەکە

هەفتەیەک بەرلەوەی دواماڵئاوایی بکات، محمد عومەر عوسمان (ژەنەراڵی پایز) زەنگێکی بۆکردم و وتی زۆر بێتاقەتم، منیش یەکەوڕاست سەردانیم کرد بۆ ماڵەوەیان، دوای سڵاو و هەواڵپرسینی، یەکتریی بەدرێژایی تەمەنی هاوڕێیەتیمان هیچ کات وەها نەمدیبوو،



بێزار، بێتاقەت، جەستەیەکی لاواز، خەندە لەسەر ڕوخساری تۆرابوو.

هەمیشە محمد عومەر عوسمان م وەک دواگەڵای پایزێ دەهاتە بەرچاو ، ئەو دەمەی پێدەکەنی، وەک سەمای گەڵایەک وابوو کە بای وەشت دەیبردو دەیهێنا، کاتێکیش بێزاریی سەراپای داگیر دەکرد، هێندە لە توانایدا بوو نەهێڵێ تۆ بێزار بکات. نەیدەیهێشت ئەو بێزارییەی هاوڕێکەشی بگرێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان جودا لەجاران، هەستم کرد، ژەنەڕاڵی پایز غەرقی بێزاریی و خەم و ئەو دنیایە بووە کە بۆتە بار بەسەر شانیەوە و ڕۆژانە دڵی دەکرۆژێ، بەتایبەت لەدوای مەرگی دایکی محمد عومەر عوسمان، تەڵێ لەبڕبڕەی پشتی وردو خاش بوو، توانای هەنگاو و ڕێ ڕۆشتنیشی نەما، ئەژنۆی شکا.

لە هۆڵەکەیان بەرەو کتێبخانەکەی ڕۆیشت و تابلۆیەکی داگرت، وتی ئەم باڵندەیە، باڵندەیەکی زامدارە و پێکراوە بۆیە دەنوکیم سور کردوە، بەردەوام بوو لەسەر دوواندانی لەسەر تابلۆکە و وتی ئەم تابلۆیەم بە تووێکڵی هێلکە کێشاوە، بەڵام جارێ بەدڵم نییە، دەترسم توێکڵی هێلکەکان هەڵوەرێ، پێی وتم ئاگات لەدەستت بێ. ، وتی:(ئەم باڵندەیە، لەلایەن ڕاوچیەکانی شارەوە زامدارکراوە، لەپێناوی ژەمێکی سەرمێزی ڕابواردنیان، ئەوانە ئاسمانیشیان لەباڵندەکان تەنیوە، وا خەرکە فڕینیان لەبیر دەچێتەوە، هەرکاتێ بەویستی ئەوان نەخوێنن لەقەفەسدا بێدانی دەکەن، تاوەکو لەسەرماو لەبرسانا ڕەق ببنەوە، ئەوانە کوا لەزمانی فڕین دەگەن، کەی لە ئاوازی کەناریەک حاڵی دەبن کەلەقەفەسەکەیدا، لەجیاتی سروتێکی خۆشنودی دروست بکا بۆیان، نەغمە بۆ ئازادی و سەربەستی دەچڕن، گۆرانی بۆ وێرانکردنی هێلانەکانیان دەڵێنەوە، دەمەو ئێوارەیەکی درەنگی چۆل و هۆلی شار.

ئیتر ئاسمانێک شک نابەن بۆ فڕین، باخچەیەک نابینن ڕازاوە بۆ سەماکردن. تاوەکو جوانتر بخوێنن. بۆ وێناکردنی جوانی سروشت،(محمد عومەر عوسمان) دوایی کاتژمێرێ ئیتر پێی گووتم با بەتەنیابم ( بۆیەکەمجار لەو مرۆڤە جوانە ببیستم ، پێم بڵێ با بەتەنها بم، لە تەنهایەکەی تێگەیشتم کە پێویستی بە ڕامانێکی قوڵ هەیە، خۆی و خۆی پێکەوە ئەنجامی بدات، دواجار پاش لەئامێز گرتنی، ماڵئاوایم لێکرد، ئیتر ئەو بینینەبوو. نەمبینیەوە...

**جمال نوری**

# حەمەعەزیز...خاوەن شوناسی شیعریی و ئەتەکێتی وشە

## شرڤەکردنی شیعر / جمال نوری

گەر بمانەوێ بەشێوەیەکی دروست شرۆڤەی دەقە شیعریەکانی حمەعزیزی شاعر بکەین، سەرەتا دەبێ بەئاگابین لە زمان و فەرهەنگ و خەیاڵ و ریتمی شیعری. تاوەکو بەپێی ئەو ستاندارە ئەدەبیەی کە وەک پێوەرێک ئاستی شیعری پێ دەپێورێت شەن و کەوی شیعرەکانی حمە عزیزی پێ بکەین.

هەڵبەتە ئەوەی وامان لێدەکات بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ شیعرەکانیدا بکەین شێوازی نووسینی شیعرەکانێتی جیای دەکاتەوە لەشاعیرانی ئەم ڕێبازە ی ئەدەب.

ئەو زمانەی حمە عزیز پێی دەنووسێت زمانێکی کوردی پەتی وپاراوە، زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ تەواوی وشە شیعریەکاندا دەکات

وەستایانە تەوزیفی کردون لە بەیتە شیعریەکانیدا، بەبێ ئەوەی وەک شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە پشت بە وشەی عەرەبی ببەستێت و بەکاریان بهێنێ، یاخود لەسەر شقڵی نووسینی شیعری ئەوان چوارخشتەکیەکانی تەواو بکات یا تەخمیسی شیعری بکات لەسەر بەیتەکانی ئەوان، بەپێچەوانەوە، زمانی شیعری حەمە عەزیز لەدەنگە لیریەکانەوە سەرچاوەی گرتوە کە جورێک لەریتمی موزیک و ئاوازی گۆرانی تێدا بەدی دەکرێ کە پانتای خەیاڵ داگیر دەکات، لەلایەکی تریشەوە، حمە عەزیز تاوەکو ئێستا پشت بە برگەی شیعری و کێش و سەرواو یەکێتی بابەت و زمانی شیعری دەبەستێت. هەر ئەم شێوازەش زیاتر وامان لێدەکات بەدواداچون بۆ ئاستی تەکنیک و شێوازی نووسینی حەمەعەزیز دا بکەین.

حەمە عەزیز لە شیعرەکانی دا زیاتر پشت بە گرێ چنی ڕستەو چنینی وشەی شیعری و خەیاڵ و وەسف و ریتمی شیعری دەبەستێت، بەڵام ئەم ڕێچکەیەی حمە عزیز گرتویەتیەبەر هێندە سانا نییە،

ئەوەی بیەوێ بەم شێوازە بنووسێت دەبێت خاوەن پاشخانێکی باشی فەرهەنگ و شارەزایی لە جوگرافیاو سروشت و کەش و هەواو داب و نەریتی کوردی بێت و بەدواداچونێکی قوڵ بکا بۆ ئەو وشانەی لەشیعرەکانیدا بەکاری هێناون.

شیعر لای حەمە عەزیز فەرهەنگی وشەی ناوازە زمانی شیعری و و وەسف و خەیاڵ و ریتمە، کاتێک شیعرێکی حەمە عەزیز دەخوێنینەوە، هەست بە بەرزی لەزمانی شیعرو چنینی وشەو ریتمی موزیکی و هارمۆنیەت دەکەین.

لەدەقی "لەچاوی شیعرەوە ١* " دەبینین حەمە عەزیز فۆرمێکی تایبەت بەخۆی هەیە لەوەسفە شیعریەکاندا تام و بۆن و جوانی خۆی هەیە لەڕێگای زمان و فەرهەنگی وشە و خەیاڵەوە، واتە وەسفی جوانی لەشعری حەمە عەزیز خەسڵەتێکی تایبەت بە هەستەباڵاکانی خۆیەتی و ناچێتەوە سەر شاعیرانی پێش خۆی.

ئەی بەژن ڕێک لەنجە جوان خاوەن
سەرنج شێوەت پەری
بۆ نیگایەک وێڵ و شەیدام باڵی شیعرم
هەڵوەری

لەم بەیتە شیعریەدا حەمە عەزیز کاتێک ناوی بەژن ڕێک دەبات، دەیەوێت لەشیعردا تەوزیفی بکات، ئاوها دەنووسێت:

ئەی بەژن ڕێک، لەنجە جوان، خاوەن
سەرنج، شێوەت پەری..

گەر تەماشای ئەم کۆمەڵە وشانە بکەین سەرەتا واهەست دەکەی پارچە پارچەیە وشە شیعریەکانی، بەڵام کاتێک بەکۆ دەیانخوێنیتەوە هەست دەکەی لەو نیوە دێرە شیعریەدا حەمە عزیز جوان وەسفی بەژن ڕێک دەکات، بەجورێک کاریگەری بەسەر هەستە باڵاکانی شاعیرەوە جێ هێشتوە کە بنووسێ یا بڵێ..

بۆ نیگایەک وێڵ و شەیدام، باڵی شیعرم
هەڵوەری

شاعیر هێندە وێڵی تەنها نیگایەکی بەژن ڕێکە نیگای بکات، هێندە تامەزرۆیە




خەریکە خەیاڵی شیعری دەوەرێت، دەڕوات..

شاعیر لەم بەیتە شیعریەدا بە بەژن ڕێک دەڵێ لەژێر برژانگی ڕەشتا هێشتا هەرئەوەندەم دیوە، وەک گەلاوێژ وەهایە ئەوکاتی کەسەرنجێکی لێ بدەی بۆ مەبەستێک.

هەر ئەوەندەم دیوە چاوت وا لە ژێر
برژانگی ڕەش
وەک گەلاوێژ شوێن مەبەستن بۆ سەرنجێ
ئاڵ و گەش

بەڵێ شاعیر بەردەوامە لە دەربڕینی هەست و سۆزی بۆ بەژن ڕێک و پێی دەڵێ;

تیشکی ڕووت کاتێک لەدەریای وردی
ئەندێشەم دەدا،
خشڵی شیعرم وا "دەڕازێ " بوکی هەست
جوانتر دەکا

شاعیر وەسفی ڕوخساری بەژن ڕێکی وەها جوانکردوە

چواندوێتی بەڕووی خۆر کاتێک تیشکی خۆر لەدەریا ئەداو بریسکەو ڕەنگاوڕەنگی تیشکەکە بەسەر دەریاوە دەبینرێ وەک شەبەنگ...

بۆیە حەمە عزیز ئەلێ ڕووخسارت بەچەشنی خۆر دهچێ کاتێک تەماشای ڕووخسارت دەکەم لەدورەوە تیشکی ڕوی ئەندێشەێ بیرکردنەوەی شاعیر ئەبزوێنێ، کە خشڵی شعری جوانتر بڕازێنێتەوەو وێنای بکات وەک چۆن کاتێک تیشکی خۆر ئەدا لە خشڵ و زێڕو زیوی بەژن ڕێک بریق و باقی خشڵەکانی.

بۆ لاپەڕە ١٥

# دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح








# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز د.خامۆش عومەر؛ پسپۆر لە یاسای دەستووری و ڕاوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پرسی لامەرکەزی لە هەرێمی کوردستان.

**بۆپێشەوە: نە پارتی لە زۆنی سەوزدا خاوەنی بڕیارە و نە یەکێتی لە زۆنی زەرددا خاوەنی بڕیارە، هەر یەکەیان خاوەنی دەسەڵاتی خۆیانن، بۆچی هەر کامیان کەبڕوای بە لامەرکەزی هەیە لە زۆنەکەی خۆیان پیادەی ناکەن؟**

**د.خامۆش عومەر:** پرسی لامەرکەزی پرسێک نییە تایبەت بە هەرێمی کوردستان، چونکە هیچ وڵاتێک نییە کار بە سیەستەمی لامەرکەزی نەکات، ئەوەش بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیەوە، لە هەرێمی کوردستان ئەگەرچی دام و دەستگاکان لە ڕووی ڕواڵەتیەوە دروستکراون، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە دامەزراوەیی نەکراون، ئەوەش وای کردووە لایەنەکان پابەندی چوارچێوە یاساییەکان بن، تا ئەو ڕادەی لەبەرژەوەندیاندایە، هەرکاتێک هاودژیەک دروست بێت لەگەڵ بەرژەوەندی تەسکی حزبی، ئەوا یاساکان تەنها دەبنە مەرەکەبی سەرکاغەز!

**بۆپێشەوە: ئەگەر لامەرکەزی ڕێکارێک بێت، لە بەرامبەر بە دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتێکی ناوەندی، ئەوا لانی کەم پێویستی بەدەسەڵاتێکی دیموکراتییە تا دەست بۆ لامەرکەزی ببات، کام دەسەڵاتی دیموکراتی لە کوردستان بوونی هەیە؟ کام حزبی سیاسی بڕوای بە دیموکراسییە؟**

**د.خامۆش عومەر:** لەڕووی پرەنسیپەوە، هاوکێشە سیاسیەکە بەم شێوەیەیە: کە سیستەمی مەرکەزی یەکسانە بە سیستەمی دیکتاتۆری (چونکە بە واتای کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان دێت، لەدەست کەسێک یا گروپێکی دیاریکراو)، و سیستەمی لامەرکەزی یەکسانە بە سیستەمی دیموکراتی، ئەگەرچی ئەوە هاوکێشەیەکی نەگۆڕ نییە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا پرسی لامەرکەزی سیاسی، پێویستی بە زەمینەی دیموکراتی هەیە، چونکە کرۆکی سیستەمەکە مانای دابەشکردنی تایبەتکاریەکان و قۆرخ نەکردنیەتی لەلایەن تاکە کەسێک، حزبێک، و لایەنێکی دیاریکراو. پڕۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان، هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدایە، و سەرباری ئەوەش لەهەندێک دۆخدا چۆتە دۆخی ماتبونەوە یا وەستێنراوە.

**بۆپێشەوە: تا چەند لاتان وایە شانسی لامەرکەزی کردنی دەسەڵات، لە کوردستان و لە ژێر دەسەڵاتی حزبی نادیموکراتیدا، ئیمکانی هەیە؟**

**د.خامۆش عومەر:** لە ڕاستیدا واقیعی سیاسی و دۆخەکە پرسی لامەرکەزی سەپاندوە، بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان پیادەکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناتەندروست، بۆ نمونە دەبوو قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە ڕێگەی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان هەڵبژێردرێن، کەچی بە دامەزراندن دیاریکراون. هەروەها جۆرە تێکەڵاویەک لە نێوان دام و دەستگاکان هەیە، بۆ نمونە تاوەکو ئێستا ئەنجومەنی شارەوانیەکان لە ئارادان و هەڵنەوەشاونەتەوە، لە بەرامبەردا ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بوونیان هەیە، ئیمکانیش نییە سیستەمی لامەرکەزی بەبێ بوونی بنەماکانی دیموکراتی چەکەرە بکات و بگەشێتەوە.

**بۆپێشەوە: بە لامەرکەزی کردنی دەسەڵات، چ لە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان دەگۆڕێت؟**

**د.خامۆش عومەر:** لامەرکەزی ئیداری بەشێک لە ئەرکی هاوڵاتیان لە ڕووی کارگێری کەم دەکاتەوە، بەوەی بۆ هەموو گەورە و بچوکێک نەگەڕێنەوە پایتەخت، و لە پارێزگا یا قەزا یا ناحیەکەی خۆیان کارەکانیان ڕاپەڕێنن، و بەشێک لە دەسەڵاتی داراییان پێبدرێت، تا بتوانن کارەکانی خۆیانی پێ ڕاپەڕێنن. واتە لامەرکەزیەت بە واتای خۆشگوزەرانیەکانی ناوچەیەک و بەشمەینەتی ناوچەیەک نایەت! چونکە ئەوە پێچەوانەی پرەنسیپی یەکسانییە، بۆیە نابێت چاوەڕێی ئەوە بین کەپیادەکردنی بەلامەرکەزیەت، ئیتر هەموو شتێک گۆڕانکاری بەسەردێت.

**بۆپێشەوە: ئایا ڕێکارە یاسایی و دەستووریەکەی چۆنە؟ لایەنە سیاسیەکەی گرانترە یان یاساییەکەی؟**

**د.خامۆش عومەر:** یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان –عێراق، لە ماددەی سێیەمی هەرێمی کوردستانی لە ڕووی کارگێڕییەوە، بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزاو ناحیە دابەشکردووە، هەریەکە لەوانە کەسایەتی مەعنەوی و زیمەتی دارایی سەربەخۆی خۆی لەناو بودجەی پارێزگادا دەبێ.

لە ماددەکانی تریشدا، دەسەڵاتی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنە خۆجێیەتی قەزاو ناحیەکان و قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی دیاریکردووە. ئەوەی لە ئێستادا داوا دەکرێت زیادکردنی دەسەڵاتی یەکە ئیداریەکانە، بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستمان بەهەموارکردنەوەی ئەو یاسایە دەبێت، لەپێناو زیاتر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پیادەکردنی لامەرکەزیەتێک کە لەگەڵ پێداویستیەکانی قۆناغەکە بگونجێت.

**بۆپێشەوە: پرسی لامەرکەزی و دەوڵەت تا چەند بە یەکتریەوە گرێدراون؟**

**د.خامۆش عومەر:** پرسی لامەرکەزی زیاتر بەندە بەزۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، فراوان بوونی پانتای جوگرافی، گرێنەدراوە بە بوونی دەوڵەت. بۆیە ئەو جۆرە سیستەمە دەکرێت لەگەڵ سیستەمی تریشدا کۆبکرێتەوە، بۆ نموونە دەشێ لە دەوڵەتێکدا سیستەمی لامەرکەزی سیاسی (فیدرالی) و لامەرکەزی ئیداری پیادە بکات، واتە چەند یەکەیەکی فیدراڵیت هەبێت، لەناو یەکە فیدرالیەکانیش سیستەمی لامەرکەزی ئیداری پیادەبکەن، کەواتە هەرێمەکان بەبێ ئەوەی ببنە دەوڵەتیش دەتوانن لەپاڵ یەکە فیدرالیەکە سیستەمی لامەرکەزی ئیداری بکەن.


**بۆپێشەوە: ئایا دەکرێ هەرێمێک لەنێوهەرێمیکی تر دروست ببێت؟**

**د.خامۆش عومەر:** ئەو جۆرە میکانیزمە لە بواری یاسای دەستوری پێی دەوترێت (جیابوونەوەی ناوخۆیی)، لەڕووی واقیعی کردەوەیی کەمتر ڕوودەدات. واتە هەرێمێک (هەرێم -کانتۆن-ولایەت) لە نێو هەناوی هەرێمێکی تر دروست دەبێت و لێی جیادەبێتەوە، وەک چۆن هەرێمی جۆرا لە کانتۆنی بیرن جیابووەوە لە سویسرا، هەرێمی نوناڤوت لە هەرێمی باکوری ڕۆژئاوا جیابۆوە لە کەنەدا، چەند هەرێمێک لە هیند لە ناوهەناوی هەرێمی ترەوە هاتنە دەرەوە.

لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانی ساڵی 2009 کە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕێگری دەکات لە درووستبونی هەرێمی تر لە نێو سنوری هەرێمی کوردستان.

# زیندانی و شەترەنج ...حزبی کوردی!..

## جەمال نوری



لەکۆتا جەنگی جیهانی دووەم کابرایەکی سەربازی نازی دەستگیردەکرێ، بەتۆمەتی ڕەشەکوژی، بۆیە کابرا حوکمی هەتاهەتایی بەسەردا دەدرێ. ئەفسەرەکە لێی دەپرسێ، چیت بەخۆت کرد، ئەبێ لەزیندان داڕزێی. لەوکاتەدا زیندانی لەبیری ئەوەدایە چۆن کتێبی دەست کەوێ تا بۆخۆی مەشغول ببێ بەخوێندنەوەوە، بەڵام کتێبیش قەدەغەیە لەژووری زیندان، کاتێ ئەفسەرەکە پاڵتۆکەی داوە بەسەر کورسی بەرامبەر زیندانیەکە، زیندانی دەبینێ لەناو گیرفانی پاڵتۆی ئەفسەردا کتێبێکی تیایە، بۆیە کاتێک ئەفسەر قسەبۆ زیندانی دەکاو پشتی لەوە، یەکسەر زیندانی دەستی خۆی دەوەشێنێ و کتێبی ناو گیرفانی ئەفسەر دەدزێ، دواتر ئەفسەر دەچێتە دەرێ.

زیندانی لەخۆشیدا کتێب دەرئەهێنێ تەماشای دەکات نوسراوە.. كيف تعلم للعبه شطرنج؟ ئیمانی نامێنێ. ناچار دەیخوێنێتەوە تا بەباشی فێری شەترەنج دەبێ.

دواتر بەووردە سەموون و گەچی ژوورەکە یاری شەترەنج دروست دەکات، پاشان هەرخۆی یاری لەگەڵ خۆیدا دەکا، بەجۆرێ داشێ لەم سەر دەجولێنێ، دەچێتە ئەوسەر داشی ئەوبەر دەجولێنێ، بەمجورە بیست ساڵی ڕەبەق هەر یاری لەگەڵ خۆی دەکا، بەجۆرێ باشترین یاریزانی شەترەنجی لێ دەردهچێت، دوای تەواوبوونی حوکمەکەی، بەردەبێ.

لەسەر باخیرەیەک وەستاوە دەبینێ دووکەس یاری شەترەنج دەکەن، ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، چ بجولێنێ یاریەکە لەقازانجیدایە ئەمیش خۆی پێناگیرێ، بەیەکێکیان دەڵێ ئەو داشە بجۆڵێنە یاریەکە دەبەیتەوە.

کابرا سەری بەرزدەکاتەوە دەڵێ ئەرێ کابرا تۆ چوزانی، ئەویش ئەڵێ وەرە باگرەو بکەین ئەوداشە بجۆڵێنە یاریەکە دەبەیتەوە دواجار ئەو داشە دەجولێنێ یاریەکە دەباتەوە،

کابرای دۆڕاو توڕە دەبێ ئەڵێ وەرە فێری مەکە دابەزە لەگەڵ من یاری بکە.

کابراش ئازادکراوی زیندان یاری لەگەڵ دەکا، بەڵام کابراکەی تر خاڵی لاوازی کەسی زیندانیەکە دەزانێ کە خێرا یاری دەکا، بۆیە ئەم زۆڕ بەخاوی یاری لەگەڵ دەکا، کابرای زیندانی جولاوەو دەڵێ دەی تۆ بجولێ، کابراش بەنیو سەعات هەرناجولێ، کابرای زیندانی بێزار دەبێ، پێی دەڵێ ئەرێ بابە ئەوداشە بجولێنە من دەیدۆڕێنم و ببڕێتەوە.

جا حزبە ساسیەکانی هەرێمی کوردوستان ئەوەندە یاری فاشلیان لەگەڵ یەکتر کردووە و هەردواجار خۆشیان دۆڕاون تیایدا ، لەبەرامبەر گەڵ بۆیە میللەت چی تر بڕوای بەیاری حزبەکان نەماوە و خەڵکی ئامانجی ئەوەیە بە کەرامەت و ئیرادەوە بژی بەئازادی گوزارشت لەمافەکانی بکات ، کێشەی میللەت نییە نەوت دادەبەزێ حوکمەتی عێراقی نەوت نانێرێ؟ بەڵکو ئەو دەسەڵاتدارانی هەرێمە دەبێت ژیانێکی شایستە بۆ هاوڵاتیەکانی فەراهەم بکات، میللەت دواجار لەم یاریە ناعەقڵانیەی ئەحزابی هەرێم تێگەیشتوون هەر داشێ بۆ خۆیان باش بێ خەڵکی بدۆڕێت تیایدا ئەوا ئەوەدەجولێنن ئیتر خەڵک نابێ ڕێگابدات ببێتە داشی دامەی یەکێتی و پارتی و هاوئاوازەکانیان، چونکە هەموو جارێ هەرخۆیان براوەی کورسی دەسەڵات و میللەتیش دۆڕاوی دەستی یاری ئەوان !...



# کرانەوەی ڕازەکانی ژیانێکی باشتر

## ناساندنی گرفتەکانی تێکۆشان

عبدالرحمن رسول

بەشی سێیەم

کەبمانەوێت ژیانێکی باشتر لەڕابردو و لەئێستادا بەدیبێت پێویست دەکات جۆری تێکۆشانمان گوڕانی بەسەردا بهێنین. جین فۆندا دەڵێت (هیچ کات درەنگ نییە، درەنگ نییە بۆ دەستپێکی نوێ درەنگ نییە بۆ دڵخۆشبوون.) زۆرینەی توێژەرەوان و شارەزایانی ئابووری و سیاسی کە دڵسۆزبن بە هێنانەدی ژیانێکی باشترو ئاسوودە لەسەرئەوە کۆکن کە سیستەمی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ ناتوانێت کۆمەڵگە ئاراستە بکات بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئارام وخۆشگوزەران و پێشکەوتوو. کەوایە پێویستە تەواوی خەڵکی کرێکارو بەشمەینەت وزەحمەتکێش بەتایبەتی و خەڵکی ناڕازی ئەوکۆمەڵگەیەی بەگشتی دەیەوێت شۆڕش و ڕاپەرین ئەنجام بدات بۆ هێنانەدی ژیانێکی نوێ ترو باشتر. بۆهێنانەدی ئامانجە ئینسانییەکان لەم بەشەدا زیاتر تیشک دەخەمە سەر کۆسپ و لەمپەرەکان و ناساندنیان دواتر چۆنێتی لابردنیان لەبەردەم تێکۆشانی شۆڕشی جەماوەری کرێکارو چەوساوەکانی کۆمەڵگە..

لەبەرئەوەی مێژوو سەلماندویەتی هیچ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەرو چەوسێنەر ناتوانێ بەردەوام بێ لەکاتێکدا بەدەستێک خەڵک برسی و هەژارو بێکار بکاو بەدەستەکەی تر درێژە بەسەرکوتیان بدات، ئەم کێشمەکێش و هاوکێشەیە بەناچاری دەبێ یەکلابێتەوە بەتێشکانی لایەک و سەرکەوتنی لاکەی تر، ئەگەرچی باجی زۆریشی دەوێت لەلایەن خەڵکی تێکۆشەرەوە لەقۆناغی ئێستادا شانسی دەسەڵاتداران بەرەو ڕوکود ولێژییە.

هێزی پشتیوانی بەدیهێنانی مافەکانی کرێکارو هەژاران تا دێت ڕوو لە هەڵکشان و زیادبوونە، لافاوی شۆڕش بەردەوام گەشەدەکات، تەنانەت بەشی وردەبۆرژوازی و ئەوانەی شێوەی ژیانیان باشترە لە کرێکارو زەحمەتکێشان بەردەوام بەرەو هێزی هەژارو برسییەکان ئاراستە دەکرێن، چونکە ڕاپێچی بێکاری وهەژاری دەکرێن بەناچاری دەبنە بەشێک لەچەوساوەو هەژارەکان..

بۆیە بەبۆچوون وتێڕوانینی من تاکە ئومێد و ئاسۆیەکی ڕۆشن لەبەردەم خەڵکی ناڕازی وچەوساوەدا تێکۆشانە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی چەوساوەکان. ڕاستییەک هەیە دەبێت بزاندرێت کە ئەم شۆڕشەش، هەروابە ئاسان وسادە سەرکەوتنی بێگرفت نییە، بەڵام کەهەنگاوە دروستەکانی شۆڕشی چەوساوەکان دەستی پێکرد سەرکەوتنی ئومێدبەخشە، ئەگەرچی لەچەندین لاوە هۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕش هەموی ئامادەیە، بەڵام لەباربردنیشی ئەگەرێکە دەبێ ڕەچاو بکرێت، بۆئەوەی ئەم شۆڕشە لەبارنەبرێت ودیسان خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش و کرێکار نەکرێتە قوربانی زۆر بەڕاشکاوی تیشک دەخەمە سەرگرفت و لەمپەرەکان ودواتر ڕێگاچارەش دەخەینە ڕوو. بەهیوام سوودی هەبێت و هاوکاربێت بۆ تێکۆشانی هێنانەدی نان، کار، ئازادی ئیدارەدانی شووڕایی لەکوردستان.

***گرفت وکۆسپەکانی بەردەم سەرکەوتنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان**

پایەکانی سیستەمی چەوسێنەر پێویستە ڕاشکاوانە بەخەڵک بناسێندرێت و پەردەی دوو ڕوویی وچەند ڕووییان هەڵبدرێتەوە وچیتر لەلایەن خەڵکی زوڵم لێکراوەوە وەکو دۆست و خەڵکی ئاسایی نەناسێندرێت، بەڵکو دەبێت واقیعێتی کرداری دوژمنکارانەیان بەرامبەر خەڵکی چەوساوەو کرێکارو زەحمەتکێش نیشان بدرێت هەر وەک دوژمن و بەشێک لەبەڕێوەچوونی مەکینەی ئەنجامدانی تاوان وچەوسانەوەی سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەر بناسێندرێن. خەڵک بەردەوام لەقاویان بدات و ڕەخنەیان ئاراستە بکات و مێژوویی کرداری ئەنجامدانی تاوانە کردارییەکانیان باس بکات و بەردەوام شەرمەزارو ڕیسوایان بکات. ئەمەش بۆئەوەیە خەڵکی تێکۆشەری ڕادیکاڵی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو مرۆڤ دۆست وشیاربێت لەهەنگاوەکان وجێبەجێکردنی ئەرکە پێویستییەکان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە. هەروەها ڕاشکاوانە ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکدان دەبێت واز لەپارێزگاریکردنی دەسەڵاتی چەوسێنەربهێنن، چونکە ڕازیبوون وب ێهەڵوێستی ومانەوە و ئەم بەروبەرکردن لەنێوان هاوسۆزی خەڵکی ناڕازی و دەسەڵاتدا نیشانەی ڕازبوونە بەوجۆرە سیستەم ویاسا ودەسەڵاتە ملهوڕە سەرکوتکەرو چەوسێنەرو دزەیە هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، کەئەمانەش لەژێر هەرناوێکدابن خزمەت زیاتر بەمانەوەی دەسەڵاتی چەوسێنەر دەکەن..

***هێزە چەکدارەکانی سەربە دەسەڵات: ئەم هێزانە (سوپا، پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش)**

بەردەوام بەوجۆرە پەروەردەکراون کەدڵسۆزبن بۆبەرگریکردن لەدەسەڵات و حکومەت کە بەهەرجۆرێک بێت. ئەوان بەرگری لەمانەوەی دەکەن، زۆر ناڕەوایە کە ئەم هێزانە بەردەوام بن لەسەرئەم تێروانینە کەچێتربەرگری لە دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەربکەن. ناکرێت خەڵکی نارازی ئەوەندە خۆشخەیاڵ بێت کەئەم هێزانە دۆستی خەڵکی چەوساوەن، ئەوە ڕاستە کەزۆرینەیان لەبنەماڵەوخانەوادەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشەوە گەورەبوون، بەڵام پەروەردەی دەستی چەوسێنەرانن، لەکاتی هەبوونی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشان دەسەڵات ئەم هێزە چەکدارانە دەنێرێت بۆسەرکوتی ناڕەزایەتییەکان وکوشتن ودەستگیرکردنی خەڵکی ناڕازی بەتۆمەتی نارەوا. کەوایە ئەم هێزانە ئەگەر لەگەڵ خواست وداواکاری خەڵکی چەوساوەو ناڕازی دان پێویستە بەقسەی دەسەڵات وبەرپرسەکانیان نەکەن، لەجیاتی ئەوەی لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی خەڵکی چەوساوەو ناڕازی بکەن، باشترە هەرچی زووترە لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی بەرپرسانی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ بکەن، بچنە ناوبەرەی خەڵکی ناڕازی وپشتیوانی خواست وداواکاری خەڵکی ناڕازی بکەن..

***ڕێکخراوە مەدەنییە ورۆشنبیرییەکان:**

ڕێکخراوەمەدەنی ورۆشنبیری و ڕوناکبیری و ئەدەبی وهونەرییەکان، وەرزشییەکان. کاتێک دەسەڵات تەدەخول لەکاروباریان دەکات ومەرجی کارکردنیان دەبەستێتەوە بەدڵسۆزییان بەحیزب وبنەماڵەو سیستەم و دەسەڵاتەوە و چالاکییەکانیان سانسۆر دەکات بۆ بەرژەوەندی سیاسی و بانگەشەی سیاسی بە زۆر بەکاردەهێندرێن ئەوا لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت دەچێتە چوارچێوەی بەرگریکردن لەسیستەمی چەوسێنەر. ئەم جۆرە ناوەندو ڕێکخراوانە کەدەڵێن مەدەنین دەبێت دووربن لەتەرەفداری سیاسی دیاریکراو کەئاراستەبکرێن بەپشتیوانیکردن لەچەوسانەوەی مرۆڤەکان. ئەم ڕێکخراوە مەدەنی و ڕوناکبیریانە لەوڵاتانی وەک ئێران وتورکیاو عێراق وکوردستان زیاتر بۆ ڕاگرتنی پایەکانی چەوسانەوەو سەرکوتەکانی دەسەڵات وسیستەمی چەوسێنەر دامەزراون، نەک بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی سیکۆلارو ئازادو یەکسان وبەرابەر. لەژێرسایەی فاشیزمی ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیادا هەر مرۆڤێک ڕەخنەیەک ئاراستەی سیستەمی دەوڵەتداری و حکومەتداری بکات لەسەر هەبوونی چەوسانەوەو نابەرابەری وسەرکوت ودزی وگەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامان و پارەی گشتی کۆمەڵگە ئەوا ناگاتە ماوەی ٢٤ کاتژمێر ئەوکەسە ڕەخنەگرە ڕاپێچی بەندیخانە دەکرێت و زیندانی دەکرێت، یاخود یاسایی دژە ئینسانی لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت. لەئێران لەماوەی چل ساڵی تەمەنی ئەوڕژێمە بەوجۆرەبووە و بەردەوام زیندانەکان پڕبوون لەکەسانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز. لەعێراق و کوردستانیش هەر بەوجۆرەیە کەسانی ڕەخنەگری ئازادیخوازو ڕۆژنامەنووسان ڕاپێچی زیندانەکان دەکرێن و بێسەرو شوێن دەکرێن و دەڕفێندرێن، و تیرۆر دەکرێن. تەنها جیاوازییەکە ئەوەیە یاسایی لەسێدارەدان وەک وڵاتی ئێران جێبەجێ ناکرێت لەکوردستان، بەڵام ڕفاندن وبزرکردن و کوشتن و تیرۆری ڕۆژنامەنووس و کەسانی سیاسی لە کوردستان درێژەی هەیە وساڵانە چەند بارە دەبێتەوە. بۆیە ناکرێت هیچ جۆرە ئومێدێک لەسەر ڕێکخراو و ناوەندە مەدەنی ورۆشنبیری وڕوناکبیرییەکان هەبێت، چونکە ئاراستەی کارکردنیان ڕاگرتن و بەهێزکردنی پایەکانی سیستەمی چەوسێنەرو دزو گەندەڵە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا.

زوربەی هەرەزۆریان بەهێزی هەبوونی پارە بۆخزمەتی دەسەڵات دامەزراون. هەربۆیەش زۆرێک لەڕوناکبیران ونووسەرو ڕۆژنامەنووس و کەسانی چالاکی ئەوناوەندو ڕێکخراوانە بەوەرگرتنی پارەوپۆست وبەرپرسیارێتی لەحیزبێکەوە یان لەکەناڵێکەوە بۆ کەناڵ وناوەندو بەش وحیزبێکی تر دەگوازێتەوە. ئەمەش جێگای سەرسوڕمان نییە، چونکە هەر لەسەرەتاوە ئەم دەزگاو ناوەندو ڕێکخراوە مەدەنی و ئەدەبی و ڕوناکبیری وڕاگەیاندنەکان بەم جۆرە ئاراستە کراون و کەسایەتییەکان پەروەردەکراون لەسەردڵسۆزیان بۆقازانجی پارەو کۆکردنەوەی پارە نەک خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ودڵسۆزیی بۆبەرگری کردن لەمرۆڤایەتی بوونیان وئازادی ڕادەربڕینیان.

***ئایین وخاک وئاڵا ونەتەوە:**

بەردرێژایی مێژوو بەردەوام دەسەڵاتی چەوسێنەر بەچەندەها پڕوپاگەندەی فێڵ ودرۆو قسەی بریقەدار پایەکانی سیستەمی چەوسێنەری ڕاگرتووە، یەکێک لەوانە قسەکردن لەبارەی دڵسۆزییان بۆ ئایینەکان وخاک ونیشتمان ونەتەوەو ئاڵا، بەڵام لەبواری کرداریدا تەنها دڵسۆزبوون بۆ کۆکردنەوەو دزینی پارەو سامانی گشتی کۆمەڵگە. بەدرێژایی تەمەنی ئەم سیستەمە چەوسێنەرە بەرپرسەکان تەنها لەخەمی بەردەوام بوونی خۆشگوزەرانی وئاسوودەیی خۆیان بوون نەک خەڵکی کوردستان، بۆیە لەئێستادا ئەم جیاوازییە گەورەیە دروستبووە لەنێوان خۆیان وخەڵکی بەگشتی دا. کەلەبارەی (بەرژەوەندی خاک و نەتەوە) قسە دەکەن هەرخۆیان بەسیاسەتی دژە بەشەری خۆیان خاک و نەتەوەکەیان بەردەوام دەهاڕن و لەسەر سینی پێشکەش بە دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەی دەکەن، هەربۆیە بەردەوام سوپاو میت وپاسدارو ئیتلاعات وسەربازانی دەوڵەتان بەئازادی لەکوردستان سەربازگەو نووسینگەو دەزگای جۆراوجۆر دادەمەزرێنن. بەرپرسانی دەسەڵاتی کوردایەتیش گوڵی پیرۆزباییان بۆ دەبەن. کەوایە لەوبارەشەوە خۆیان درۆ لەگەڵ خەڵک دەکەن، پێویستە خەڵک ئەوەبزانێت و چیتر فریو نەخوات و هەستی کێش نەکرێت بۆ لایەنگری بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی وئایینییەوە، نەک تەنها حیزبەکان ناو دەسەڵات لەباشووری کوردستان بەڵکو حیزبەکانی لەشێوەدا لەدەرەوەی دەسەڵات خۆنمایش دەکەن، بەڵام لەناوەڕۆکدا بەرگری لەهەمان جۆر سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری دزو گەندەڵ دەکەن. بەچەندەها نمونەی هاوشێوە هەیە کەحیزبەکان دەیانەوێت خەڵک فریوبدەن و بۆبەرژەوەندی حیزبی خەڵکی ناڕازی بەکاربهێنن. هەرکاتێک ویستوویانە لەگەڵ دەسەڵات پێکهاتوون. حیزبە ئیسلامیییەکان وبزووتنەوەی گۆڕان بەردەوام لەدەوری دەسەڵاتدا بوون بەقازانجی مانەوەی ئەوجۆرە سیستەمە سیاسەتیان کردووە. لەناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی ١٧ ی شوباتی ٢٠١١ دا باشتر ئەمەی سەلماند کەچۆن ئاڵای کوردستانیان ڕادەوەشاندو نوێژی بەکۆمەڵیان لەسەراکانی ئازادی دەکرد هەروەک ڕیکلام وبانگەشەیەک بۆ فریودان ودرۆکردن لەگەڵ خەڵکی ناڕازی، لەکۆتاییدا لەپێناو بەرژەوەندی حیزبییان باوەشیان بەپارەو کورسی دەسەڵات و حکومەتدا کرد.

# لەدووەمین ساڵیادی ژیانئاوایی هاوڕێ فەرەیدون دا

## فەرەیدوون حسین زادە - هاوڕێ و خەباتکارێکی دڵسۆز

دوو سال تێدەپەڕێت بەسەر گیان لە دەستدانی هاوڕێ فەرەیدوون حسین زادە و ئەو هەواڵە دڵتەزێنەی لە ناکاو دوو ساڵ بەر لە ئێستا بیستمان، بۆ زۆرێکمان هێشتا هەزمکردنی ئاسان نییە. لاوێکی هێندە خوێنگەرم و خەباتکار و دڵسۆزی کەسانی نزیکی، هێندە لە ناکاو و بێ هیچ ئاگادارییەکی پێش وەخت جێی هیشتین. ئەو هێشتا پڕۆژەی زۆری بەدەستەوە بوو و گەلێک بابەتی هەمەلایەنەی لە دەستوور کاردا بوو. ئەفسوس مەرگ ڕێگەی نەدا ڕووناکی ببینن یان بە ئەنجامی کۆتایی بگەن.

بەجیا لە پەرۆشی و خەباتی بەردەوامی فەرەیدوون بۆ سەرەوژوورکردنی جیهانی نایەکسانی ئەمڕۆ، وەک هاوڕێیەکی نزیک من شانسی ئەوەم بوو، کە کۆمەڵێک یادگاریم لەگەڵیدا هەبێت. زۆرێک لە یادگارییەکانم باس لە گەورەیی و خۆنەویستی ئەو دەکەن و پێمخۆشە هەندێکیان باس بکەم. لێرەدا بە جیا لە ئاوڕدانەوە لە خەبات و چالاکی سیاسی فەریدوون و پڕۆژەکانی، ئاماژەیک بە هەندێ لایەنی تایبەتی ژیانی دەکەم.

### سەرەتای ژیان و هەڵاتن لە ئێران

فەرەیدوون ساڵی ١٩٧٣ لە شاری سەردەشت وەک کوڕی گەورەی خێزانەکەیان دێتە دنیاوە. هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە دژی نەریت و ڕێسا کۆن و سوننەتییەکان بووە و لەگەڵ فەرهەنگی باودا بەینی نەبوو. بەها مرۆییەکان و خۆشبەختی مرۆڤ هەمیشە لە ناخیدا زیندوو بووە. کەسێکی گوێڕایەڵ نەبوو، هەندێ جار کردارەکانی دڵەڕاوکێی دەخستە نێو دڵی خێزان و کەس و کارییەوە، بەتایبەتی لە سایەی جمهوری ئیسلامیدا. سێ برا و خوشکێکی هەیە.

هەر لە منداڵییەوە کەسێکی زیرەک و بە توانا بووە و لە قۆناغەکانی خوێندندا سەرکەوتوو بووە. لە تەمەنی لاوێتییەوە سەرنجی دەچێتە سەر دیاردە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگای یەکسانیخوازی دەگرێتە بەر. لەسەر چالاکییەکانی لە لاوێتیدا چەندین جار دەستگیر دەکرێت و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت. بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسی، بڕیار دەدات بچێتە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵە، بۆیە ئێران جێ دەهێڵێت و لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا دەچێتە کوردستانی عێراق.

هەر بە ماوەیک پاش دەرچوونی لە ئێران، ئەنجامی تاقیکردنەوەی بەکەلۆری (کۆنکۆر) دێتەوە و نمرەیەکی بەرز بەدەست دەهێنێت و لە کۆلێژی پزیشکی وەردەگیرێت. ئەگەرچی خانەوادەکەیان و کەس و کار و ئاشنایانی هەوڵێکی زۆر دەدەن تا قانعی بکەن و بگەڕێتەوە بۆ ئێران و لەسەر خوێندنەکانی بەردەوام بیت، بەڵام ئەو ناگەڕێتەوە و درێژە بە چالاکی سیاسی دەدات.

### لە کوردستانەوە تا فینلاند

لە سەرەتا فەریدوون دەچێتە ناو کۆمەڵەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە زرگوێز دەبێت. پاش ئاشنابوونی بە کۆمۆنیزمی کرێکاری، دەچێتە نێو ڕیزەکانی حزبی کۆمۆنئستی کریکاریی ئێرانەوە. لە سلێمانی دەبێتە چەکدار و لە زۆر بۆنە و مەراسیم و چالاکییەکانی ئەو کاتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکایی عێراق (حزبی دەستەخوشکی حکک ئێران) وەک چاودێری سەلامەتی ئامادەبووان و هەڵسوڕاوانی حزب ئامادە دەبێت. کارەکانی بە هەستکردنی بە بەرپرسیارێتییەوە ڕاپەڕاندووە و کەسێکی ئازا و چاونەترس و مایەی متمانەی هاوڕێیانی و ڕابەری حزب دەبێت. هەر لە سایەی کاریگەریەکانی فەریدوون، دوو لە براکانی پەیوەست دەبن بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە.

لە تەموزی ٢٠٠٠ دا، هاوڕێیانێک شایەتیان لەسەر چاونەترسی و ئامادەباشی فەریدوون داوە. لەگەڵ حەساس بوونەوەی بارودۆخەکە فەریدوون دەست دەداتە ئاربیجیەک و دەچێتە سەربانی بنکەی ڕادیۆ، هاوڕێیان قەناغەتی پێ دەکەن بێتە خوارەوە.

لە ناوەڕاست و کۆتایی نەوەدەکان، لە سایەی



هەژاری و گەمارۆی ئابوری و جەنگی ناوخۆ و چەندین ڕووداوی تر، چەکدار بوون لە بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کارێکی ئاسان نەبوو، بە تایبەتی کە فەزای تیرۆر لە ئارادا بوو و کۆمۆنیستەکان بۆ هێزە ناسیۆنالیستەکان و ئیسلامییەکان دوژمنی هاوبەش بوو. فەرەیدوون بە ڕۆحیەت و بایەخەوە ئەو ئەرکی پارێزگاری ڕادەپەڕاند و لە چەندین ڕووداوی جۆراوجۆردا بەشدار بوو.

فەرەیدوون بەوردی لە ڕووداوەکانی دەڕوانی و سەرنجی خۆی لەسەر بەیان دەکرد. بە تامەزرۆیەوە لەسەر بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی دەدوا و گفتوگۆی دەکرد. من خۆم زۆر دیدگای نوێ و سەرنجڕاکێشم لەوەوە وەردەگرت. لەسەر زۆر ڕووداو و دیاردەی کۆمەڵگە نمونەی مێژووی و هۆکارەکانی پشتی قسەی دەکرد...

لە چەندین ڕووبەڕووبوونەوە و پێکداداندا بەشدار بووە و بە دڵ و ڕۆحیەتێکی فراوانەوە پارێزگاری لە سەلامەتی هاوڕێیان و ڕابەری و بارەگاکانی حزب کردووە. بەشداربووە لە ڕێگریکردن لە چەندین هێرش و گەلەگۆمە بۆ سەر بنکەی ڕادیۆ. لە هێرشەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

پاش قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانیدا لە هاوینی ٢٠٠٠، وەک زۆر هاوڕێی تر فەریدوونیش ڕێگای دەرەوەی وڵات دەگرێتە بەر. دوای بڕینی ڕێگایەکی سەختی یاساغ و بە نەهامەتییەکی زۆرەوە، دەگاتە تورکیا، کە لە ڕێگا چەندین بەربەستی دژوار دێنە بەردەمی و چەندین جار لە لایەن جەندرمە و دەزگا سەرکوتکەرەکانی تورکیاوە ئازار دەدەرێن. پاش وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، لە فینلاند وەردەگیرێت و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی تر دەگەنە شاری کایانی. دوای چەند ساڵێک دێتە هێلسینکی و تا کۆتایی ژیانی لە هێلسینکی لە خانووەیەکی خینجیلانەی یەک ژووریدا ژیانی بردە سەر.

### ئاشنابوونی من لەگەڵ فەرەیدوون

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ بوو هاوڕێیەک لە کایانیەوە باسی ئەوەی کرد، کە کاتێک لە تورکیا لەلایەن نێردراوانی فینلانداوە وانەیان پێ دەوترایەوە تا بە گەشتنیان بۆ فینلاند ئاشنایەتییەکی سەرەتاییان هەبێت، یەکێک لە وانەبێژەکان پرسیاری لە ئامادەبووان کردبووە، کە "ئایا پێشتر فڕۆکەتان دیتوە؟" فەرەیدوون وەڵام دەداتەوە و دەڵێت "بەڵێ بینیومانە، بەس هەر تەقەی لێ کردووین و هەڵاتووین لێی." هەروەها بیستم، کە هەر لەو شارەی لێی بوون لەگەڵ هەندێک لە ناسیۆنالیستەکان دووچاری ناکۆکی بوون و ڕێگەی نەدابوو پێی لێ درێژ بکەن. واتە پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار دیداری بکەم، لە کەسایەتی و قسەخۆشەکانی فەرەیدوونم بیستبوو.

دروست یەکەم دیدارم بیر نییە، کە کەی و چۆن بوو لەگەڵ فەرەیدووندا، بەڵام پێ دەچێت لە یەکێک لە بۆنە یان چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٤دا بێت، کە ئەو کاتە فەرەیدوون هاتبووە هێلسینکی و لەو کاتانەدا هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئێران بەردەوام چالاکی هەمەلایەنە و فراوانیان هەبوو. دەبێت لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکان، مەراسیمەکان، سیمینارەکان، یان چالاکییەکی تر، کە تێیاندا بەردەوام ئاشنای کەسانی تازە دەبووم، پێدەچێت فەرەیدوونیشم بینیبێت. هەڵبەت ئەو کاتە فەرەیدوون لە ڕێزەکانی حزبدا نەمابوو، بەڵام وەک کەسێکی دڵسۆز و چالاک و پایەگیر بە کۆمۆنیزم لە زۆر بۆنە و چالاکیدا بەشداربوو.

هەم بەهۆی پەیوەندی کەسوکارمان و هەم خەباتی کۆمۆنیستی، پەیوەندیمان لەگەڵ فەرەیدوون زیاتر و پتەوتر بوو. واتە بە جیا لە چالاکییە سیاسییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش یەکمان دەبینی و هەمیشە قسە و نوکتەی نوێی هەبوو، لەسەر سەرنج و پڕۆژە و بیرۆکەی جۆراوجۆر دەدوا. بۆ سەرخستنی پڕۆژەکانی، لە هەوڵی بەردەوامدا بوو و پرسیاری لە دەورووپشتی دەکرد.

فەرەیدوون بەوردی لە ڕووداوەکانی دەڕوانی و سەرنجی خۆی لەسەر بەیان دەکرد. بە تامەزرۆیەوە لەسەر بۆچوون و تێڕوانینەکانی خۆی دەدوا و گفتوگۆی دەکرد. من خۆم زۆر دیدگای نوێ و سەرنجڕاکێشم لەوەوە وەردەگرت. لەسەر زۆر ڕووداو و دیاردەی کۆمەڵگە نمونەی مێژووی و هۆکارەکانی پشتی قسەی دەکرد...

### گێڕانەوەی

## بەسەرهاتەکان و پەراوێزخستنی ڕۆڵی بەرجەستەی خۆی

فەرەیدوون زۆر بەسەرهاتی خۆش و ترشی دەگێڕایەوە، بە تایبەتی ئەو سەردەمە سەختانەی چەکداری حزب بوو لە سلێمانی، کە لە ڕۆژگاری نەبوونی و هەژاری و هەڕەشەی بەردەوامی ئیسلامییەکان و یەکێتی، بەڵام ئومێد و باوەڕێکی گەورە و پتەو، ورەیان دەدا بە بەردەوام بوون و ئەزموونکردنی چەندین یادگاری. بەسەرهاتی لێقەوماوێک لە مەرەخان یەکێک بوو لەو سەرگوزەشتە کۆمێدیا ڕەشەی دۆستێکی فەرەیدوون لەو سەردەمانە بیستیبووی، کە لە هەموو دانیشتنێکدا بمزانیایە کەسێک نەیبیستووە، خێرا بە فەرەیدوونم دەگێڕایەوە.

لەبەر ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی ڕادیۆی حزبەوە (ساڵی ١٩٩٦) تا قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی حزب لە لایەن دەسەڵاتی یەکێتییەوە (٢٠٠٠) فەرەیدوون زۆربەی کارەکانی لەوێ بوو، بە سروشتی زۆرینەی یادگارییەکانیشی دەگەڕایەوە بۆ ڕادیۆی حزب. فەرەیدوون بەشدار بوو لە کارە عەمەلییەکانی دامەزراندنی ڕادیۆ، بۆنمونە دەیگێڕایەوە، کە لە ئاریێلەکەوە کێبڵ ڕادەکیشرا بۆ ئەو چاڵەی بە خەڵوز و خوێ پڕکرابوو، تا لە مەترسی ئاکامەکانی هەورەتریشقە بیانپارێزێت، تەنها چەند سانتیمێک مابوو و درێژی کێبڵەکە بەشی نەکرد و نەکرد. ناچار سەرلەنوێ دەستیان پێکردەوە.

هەروەها دەیگێڕایەوە، کە لە سەروبەندی دامەزراندنی ڕادیۆی حزبدا، یەکێتی بەردەوام ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی تێکدانی ڕادیۆی دەکرد. لەگەڵ دەسپێکی بڵاوبوونەوەی یەکەم پەخشی ڕادیۆ و جۆش و خۆشی هاوڕێیان لە ڕادیۆ لەسەر گردەکە، ئۆتۆمبێلێکی ئاسایش و شۆفڵێک نزیک دەبنەوە لە ڕادیۆ. زوو هاوڕێیان دێنە وەڵام و خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادەباش دەکەن و ڕێگە نادەن بێنە پێشتر. ئۆتۆمبێلەکەی ئاسایش و شۆفڵەکە زوو پاشەکشە دەکەن و دەگەڕێنەوە. ڕۆژی دواتر هەواڵ دەنێرن، کە گوایە شۆفڵ و ئۆتۆمبێلی ئاسایش بۆ مەبەستێکی تر ڕوویان لەو ناوە کردبوو.

لەم جۆرە یادگارییانە بەردەوام لە یادەوەری فەرەیدووندا هەبوون و لە دانیشتنەکاندا دەیگێڕانەوە، بێ ئەوەی مەبەستی بێت ئاماژەی تایبەت بە ڕۆڵی خۆی بکات. شەوێکیان فەرەیدوون یەکێکی تر لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی بۆ گێڕامەوە، کە شەوێکیان دەستەیەک لە ئیسلامییەکان لە ناکاو هێرش دەکەنە سەر ڕادیۆ. چەکدارانی حزب لە ڕادیۆ دێنە وەڵام و پاشەکشەیان پێ دەکەن.

شەوی دواتر دلێرمان بینی، کە ئەو یەکێک بوو لە فەرماندەکان و لە بارەگای گردی عەلی ناجی بوو. هاوڕێیەکی نزیکی فەرەیدوون بوو و ١٠ ساڵ بوو لە یەک دابڕابوون. پاش ئەوەی کەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژگارانە، لە نێو یادگارییەکاندا دلێر ئاماژەی بە هەمان ڕووداو دا و گوتی کە "بیرتە ئێوە لە ڕادیۆ شکستتان بە ئیسلامییەکان هێنا و باش بوو بریندار نەبوویت، فیشەکێک دابوی لە پانتۆڵەکەت؟" فەرەیدوون پاش چەند چرکە وەستان وتی "دەزانیت ئەوەم هەر بیر نەمابوو..." دلێر زیاتر لەسەری دوا و لای سەیر بوو، کە فەرەیدوون چۆن ئەوەی لەبیر چووە، کاتێک ئازایانە بەشداری شەڕی کردووە و فیشەک سوتفە بەر پانتۆڵەکەی کەوتووە و بە پێی ئەو کونەی فیشەکەکە لە پانتۆڵی فەریدووندا جێی هێشبوو، دواتر دووری تەقەکەران خەڵمێندرا. فەرەیدوون وتی "ئێستە بیرم دەکەوێتەوە، کە باسی دەکەیت." من شایەتیم دا، کە شەوی پێشوو هەمان ڕووداوی بۆ گێڕامەوە و ئەو بەشەی باس نەکرد، کە هێندە لە مەرگ یان برینداربوونەوە نزیک بووە.

> **لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، فەرەیدوون کەسێکی میهرەبان و دڵفراوان بوو، خەمخۆری دەوروبەر و ئاشنایانی بوو، ئەگەرچی زۆر کات بە تەنها بوو، بەڵام کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بوو...**

### چالاکی سیاسی

لە بەهاری ٢٠٠٦دا کاتێک فینلاند سەرۆکی یەکێتی ئەوروپا بوو، چالاکی جۆراوجۆری سیاسی ڕێکدەخرا. یەکێک لەوانە خۆپیشاندانێکی گەورە بوو لە بەرانبەر سەردانی سەرۆکی بانکی جیهانی بۆ فینلاند. فەریدوون وەک پیشەی کۆنی خۆبەخشانە بەشداربوو لە ئەرکی پاراستنی سەلامەتی خۆپیشاندانەکە. ئەمە و خۆپیشاندانەکانی دوای و تەواوی چالاکییەکان، کە لەسەر شەقامەکان ئەنجام دەدران، فەریدوون بە ئالایەکەوە ئامادە بوو.

لەزۆر ڕێگاوە هەوڵی کاریگەردانانی دەدا و دەستی بۆ چەندین پڕۆژە دەبرد، بەجیا لە شەقام، هاوکات لە ئینتەرنێتیش چالاک بوو. دانانی چەندین وێبلاگ و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیانی کۆمۆنیستی و ئەنارشیستی و بۆچوونەکانی خۆی. دانانی وێبلاگێک بۆ کۆکردنەوەی تەواوی سروودە کرێکارییەکان، کە بە چەندین زمانی جیاواز تێکرا زیاتر لە ٣٠٠ سروودی کۆکردەوە.

کاتێک لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پەرلەماندا من کاندید بووم، ئەو توانای خۆی خستە کار و لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە هەوڵی بە سەرخستنی ئەم پڕۆژەی منی دا. هەروەها زۆر تێبینی پێویست و گرنگی پێ دام، کە سوودیان بوو لە تەواوی پرۆسەکەدا. بەجیا لە کاندیدبوونی من، لە زۆر ڕێگەی ترەوە هەوڵی کاریگەردانانی لە کۆمەڵگای فینلاندا هەبوو و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگەی گرتە بەر، تا بەو ئامانجە ئینسانییانە بگات، کە باوەڕی پێی هەبوو.

یەکێکی تر لە پڕۆژە گەورە و گرنگەکانی ساڵانی کۆتایی ژیانی فەرەیدوون، وەرگێڕانی فیلم بوو بۆ سەر زمانی فارسی. پاش ئەوەی هەستی کرد لە میانەی کارەکەیدا جاروبار چەندین کاتژمێری پشوو دەکەوێتە ناو ڕۆژکارەکەی، بیری کردەوە کە سوود لەم کاتە وەرگرێت و بە پڕۆژەیەکی گەورەوە گرێی بداتەوە. دەستی برد بۆ وەرگێڕانی فیلم و دۆکومێنت و بابەتی تری ڤیدیۆیی و لە هەندێ ماڵپەڕ و تۆڕی کۆمەڵایەتیدا بڵاوی دەکردنەوە.

لەسەر ئەم پڕۆژەیەی بە جۆش و خرۆشێکی کەم وێنەوە بەردەوام بوو. جاروبار ڕێژەی ئەو کارانەی وەری گێڕابوون پێ ڕادەگەیاندم. دواجار پێی گوتم، کە ژێرنووسی فارسی بۆ ٢٦٣ بابەت کردووە. واتە بە تەواوی فیلم و دۆکومێنت و باقی کارەکانی تری، کە ژێرنووسی فارسی بۆ دانابوون، لە نێویاندا فیلمی درێژی چەند کاتژمێری و زنجیرەی چەند بەشی لە خۆ دەگرت.

ئەو فیلم و دۆکومێنتانەی وەری دەگێڕان تایبەت بوون بە ئاشنابوونی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری، بەرچاوڕوونی و هۆشیاری لە پەیوەند بە خەباتی چینایەی، کۆیلەی مۆدێرن، پیشەسازی جەنگ، پیشەسازی و بازرگانی بابەتی مەترسیدار لەسەر ژیانی خەڵکی، یەکسانی کۆمەڵایەتی، ناساندنی خەباتگێڕە چەپ و کۆمۆنیست و کرێکارییەکان، مێژووە گرنگەکانی خەباتی کرێکاری و ئەو دیاردانەی پەیوەندیان بە خەباتی چینایەتییەوە هەیە، هتد. کۆپی تەواوی کارەکان لای من پارێزراوە و بە ئومێدی لە دەرفەتێکدا بتوانین سەرجەمیان بڵاوبکەینەوە و لە بەردەستدا بن.

### کەسایەتیکی خەمخۆر و وردبینی دیاردەکانی کۆمەڵگە

بەجیا لە هەموو ئەم چالاکیانەی فەرەیدوون هەمیشە بە وردی سەرنجی ڕووداوەکانی جیهان و مێژووی دەدا و تێبینی زۆر ورد و دروستی هەبوو. هەروەها لەسەر ژیانی کۆمەڵگە و بازاڕ و ئەو ڕێگا نامرۆییانەی سەرمایەداری پیادەی دەکرد، زۆرێکی درک دەکرد و لە ڕێگای دژەباوی دەگرتە بەر. زۆر بە وردی سەرنجی ئەو دیاردانەی دەدا، کە سەرمایەداری بۆ درێژەدانی کەڵکی لی وەردەگرێت و دەستی پێوە گرتوون. لە سەرنج و تێڕوانینە وردەکانی من خۆم زۆر شت فێر بووم.

لە زۆرێک قسەوباس و گفتوگۆکردنماندا ئاماژەی بەو دیاردانە دەدا، کە لە جیهانی سەرمایەداری لە خۆڕا بایەخیان بۆ دروسکراوە و بەشیک لە مرۆڤەکان بەبێ ئاگایی پەیڕەوی لێ دەکەن. ئەو کەلتور و تێڕوانینانەی لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی سەرمایەداریدا نرخیان بۆ پەیدا دەکرێت، فەرەیدوون نیەتەکانی پشتی دەخوێندەوە و پرسیاری دەوروژاند. ئاماژەی بەو نمونانەش دەکرد، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەدی کردبوون، کە بۆ نمونە چۆن مرۆڤ لە ئایندەی خۆی بێئومێد بووە.

لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، فەرەیدوون کەسێکی میهرەبان و دڵفراوان بوو، خەمخۆری دەوروبەر و ئاشنایانی بوو. ئەگەرچی زۆر کات بە تەنها بوو، بەڵام کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بوو. ئەوەی بە تایبەتی بۆ من زۆر مایەی خۆشحاڵی و پیزانین بوو، هەڵسوکەوتی بوو لەگەڵ کەسانێک، کە لە کۆبوونەوەکاندا زمانی کوردیان نەدەزانی. بۆ نمونە کاتێک هاوڕێیانی فینلاندی زمانم ئامادە دەبوون، فەرەیدوون بە فینلاندی دەدوا، نەک بە زمانێک کە بۆ کەسانێک لەگەڵمان دانیشتوون تێنەگەن.

فەرەیدوون لە فینلاند وەک پیشە کاری وەرگێڕانی دەکرد، بە زمانەکانی کوردی، فارسی و دەری لەگەڵ فینلاندی. بەو هۆیەی لەگەڵ گروپە ئانارشیستەکاندا چالاک بووە، لە پۆلیس و هەندێ دەزگای تری دەوڵەتی ڕێگەیان نەداوە کاری وەرگێڕی بکات. ئەمانە ڕێگر نەبوون لەبەردەم چالاکییەکانی و بەڵکو بە هەمان تینەوە چالاک مایەوە. بەجیا لەو زمانانەی کاری وەرگێڕانی پێ دەکرد، هاوکات زمانی عەرەبیش زۆر بە باشی تێدەگەشت.

هەروەها زۆر خەمی بوو، کە کەسانی ئاشنای لە ناڕەحەتیدا نەبن و هانی دەدان، کە بێ ئومێد نەبن. هەمیشە ئامادەباش بوو بۆ بەگەڕخستنی توانا و بەخشینی یارمەتی خۆی لەو پێناوەدا. کاتێک یارمەتی کەسێکی دەدا، وەک کارێکی خۆی تەماشای دەکرد و تا دوا برگە و ئەو جێگەیەی پێویستی بکردایە و لە تواناییدا بوو دەڕۆیشت. خۆبەخشانە یارمەتی زۆر کەسی دەدا. مایەی ئاماژەیە، کە لە دڵەوە بوو، نەک موجامەلە یان حاڵەتی ئیحراجی. کاتێک کە هەواڵی کەسێکی دەپرسی، پرسیارەکەی لە دڵەوە بوو. لە زۆر بابەت و ڕووداودا نەخش و ڕۆڵی گرنگی دەبینی و ئەو بەرپرسیارێتیانەی وەردەگرت، کە کەمتر مرۆڤەکان خۆبەخشانە ئامادەن بیکەن، بە تایبەتی لە ساتە ناخۆشەکاندا.

بەداخەوە لە کۆتایی ئایاری ٢٠١٨دا مەرگێکی ناوەخت ڕێگەی نەدا چیتر ئەم هاوڕێ و خەباتکارە ئازیزە بە فیزیکی لە نێوماندا بمێنێتەوە. یادگارییە شیرینەکانی هەمیشە لە نێوماندا زیندووە. هەروەها ئەو کارە فراوانانەی بە تایبەتی لە وەرگێڕانی فیلمەکاندا ئەنجامیدا، ئەو بە نەمری دەهێڵیتەوە. یادی فەرەیدوونی ئازیز بەرز و بەڕێزە!

**بنار مستەفا**

**ئایاری ٢٠٢٠**



# هۆمەر قەرەداغی: گرنگترین شت بۆ ژینگەی ئارامی تەمەنی منداڵی ئەوەیە، کە دەرفەت بۆ منداڵەکە بڕەخسێنرێت کە ببێتە خاوەنی دەنگ و ڕەنگی خۆی...

## دیمانە لەگەڵ هۆمەر قەرەداغی شارەزا لە بواری پەروەردە و بەڕێوەبەری ئامادەیی لە ستۆکهۆڵم بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالّان...

**بۆپێشەوە: سیستەمی پەروەردە چ کاریگەرییەکی لەسەر منداڵان هەیە؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** سیستمی فێرکاری دوو کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی منداڵ هەیە:

یەکەم ئاشناکردنی منداڵە بە بەها بنەماییەکانی ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە.

دووەم وەرگرتنی زانست و زانیاریە.

ئەم دوو خاڵە ئاراستەی بیرکردنەوە و ژیانی منداڵ دەگۆڕێت و پەیوەندیەکانی دیاری دەکات. متمانە و نەبوونی متمانەی بە ژیانی گەورەساڵان دەستنیشان دەکات، و دەبێتە ڕێگا پیشاندەری ڕەفتارەکانی داهاتووی.

**کە منداڵ گوێی لێگیرا و بووە خاوەن ڕا و بۆچوونی خۆی لە ناو خێزانەکەیدا، ئەوە هەست بە ئارامی دەروونی دەکات و متمانەی بە خۆی و دەوروبەرەکەی زیاد دەکات...**

**بۆپێشەوە: کچانی خێزانە دەمارگیریە ئیسلامیەکان ڕێگای ژیانێکی ئاساییان نییە، کێ بەرپرسە لەوە؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** بێگومان خێزان و کۆمەڵگە.

لەسەرەتادا خێزان بەتایبەتی باوک لە کۆمەڵگە پیاوسالاریە داخراوەکاندا. باوک بە گشتی ئەرکی سەرشانیەتی کە دەرگاکان بەڕووی منداڵەکەیدا بکاتەوە، و سەربەستی قسەکردن و ڕادەربڕینی بداتێ هەر لە تەمەنێکی زۆر کورتەوە. بەڵام لەم جۆرە خێزانانەدا هەر زوو دەرگاکانی کرانەوە بەڕووی منداڵەکانیاندا دادەخەن و ژیانیان ئاڵۆز دەکەن.

کۆمەڵگە ئەبێت ڕێگر بێت دەربارەی ئەم دیاردەیە، و نەیەڵێت باوک و دایکەکانی ئەم خێزانانە ئەو کاریگەرییە نەرێنیەیان هەبێت لەسەر منداڵەکەیان، بەڵام کە یاسا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە خۆی ئەو ڕەفتارانە بەهێز بکات، و ڕێگەیان پێبدات، ئیتر پەروەردەی منداڵەکە ئاسایی نابێت، و بەها مرۆڤدۆستیەکان لە مێشک و بیرکردنەوەیدا ڕەنگ نادەنەوە،

**بۆپێشەوە: کارکردنی پیشەیی بە منداڵانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ، بەگوێرەی ڕیکەوتننامەی مافەکانی منداڵان ڕێگەپێنەداوە، کەچی منداڵان دەخرێنە بەر کاری پیشەیی، ئەوە چ کاریگەرییەک لەسەر دنیای منداڵان دادەنێت؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** ئەگەر کارەکە بەردەوام بێت بۆ ماوەیەکی درێژ و ڕۆژی هەشت کاتژمێر بێت بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەوە دەبێتە جۆرێک لەسەرکوتکردنی دەروونی و کاریگەری دەبێت لەسەر کەسایەتی منداڵەکە. لەبەر ئەوەی هەستەکانی تەمەنی منداڵی لە منداڵاکە دەسەنرێتەوە و ژیان بە ئاراستە نۆرماڵەکەیدا ناڕوات.

ئەم سەرکوتکردنە لە منداڵیدا؛ بۆشاییەکی ڕۆحی لە ناخی منداڵەکەدا دروست دەکات، کە کاریگەریی قوڵی دەبێت لەسەر ڕەفتارەکانی لە تەمەنی گەورەساڵیدا.

بەڵام ئەگەر وەک کار نەبێت؟ بەڵکو زیاتر پراکتیک (ڕاهێنان) بێت بۆ چەند هەفتەیەکی دیاریکراو، لە بەرنامەی خوێندندا بۆ ئەوەی منداڵەکە شارەزایی پەیدا بکات لەسەر پەیوەندییەکانی ناو بازاڕی کار، ئەوە سەرکوتکردن نییە بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی فێرکاری.

بۆپێشەوە: زۆریک لە ڕێکخراو و حزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان، تەمەنی منداڵ بە ١٦ ساڵ دادەنێن، ئێوە لەو بارەیەوە بۆچوونتان چییە؟

هۆمەر قەرەداغی: من بەهەڵەی دەزانم. تەمەنی منداڵ تا ١٨ ساڵییە نەک ١٦ ساڵی، بەو هۆکارەی کە هەستەکان و تێگەیشتن بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا زۆر کەمترە بە بەراورد لەگەڵ تەمەنی ١٨ ساڵیدا.

**بۆپێشەوە: ژینگەیەکی سالم و ئارام بۆ منداڵان دەبێ چۆن بێت؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** گرنگترین شت بۆ ژینگەی ئارامی تەمەنی منداڵی ئەوەیە؛ کە دەرفەت بۆ منداڵەکە بڕەخسێنرێت کە ببێتە خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆی. کەوا لە منداڵەکە بکرێت کە ببێتە مرۆڤێکی بیرکەرەوەی ڕەخنەگری بەویژدان.

کە منداڵ گوێی لێگیرا و بووە خاوەن ڕا و بۆچوونی خۆی لە ناو خێزانەکەیدا، ئەوە هەست بە ئارامی دەروونی دەکات و متمانەی بە خۆی و دەوروبەرەکەی زیاد دەکات. بەویژدان جوڵانەوە لەگەڵ منداڵدا ئارامبەخشی دەروونی دەداتێ و توانای ئێمپاتی لا زیاد دەکات.

**بۆپێشەوە: گومان هەڵنەگرە هەرچی ستەم و بێبەشی و بیمافی هەیە، ڕیشەی لە نیزامی قازانج پەرستی سەرمایەداریدایە، ئایا دەکرێت لە ژێر سایەی ئەو نیزامەدا، منداڵان لە بێبەشی و بێمافی... ڕزگار بکرێن و ژیانێکی ئارام و ئازاد و سەربەخۆیان هەبێت؟**

**هۆمەر قەرەداغی:** بەڵێ دەکرێت.

ژیان هەر ڕەش و سپی نییە. دەیان ڕەنگی تر هەیە لە نێوان ئەو دوو ڕەنگەدا. گەیشتن بە ئامانجەکانیش هەر مەرج نیە بە شۆڕشێکی کورت و چڕ و پڕ بێت.

دەکرێت لە ژێر کاریگەری تێکۆشانی ڕۆژانەی خەڵکی تێکۆشەر و مرۆڤدۆستدا دەیان ڕیفۆرمی گەورە بۆ نموونە لە سیستەمی فێرکاریدا بکرێت.

ژیانی ئاسودە و ئازادیش ڕێژەییە. کچێکی منداڵ لە کۆمەڵگەی سویدا ژیانی تا ڕێژەیەکی زۆر ئارامە، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ کچێکی منداڵدا لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە ئەفغانستان لە کاتێکدا کە سوید و ئەفغانستان هەردووکیان لەژێر سایەی سیستمی سەرمایەداریدان.

**بۆئەوەی ئازادیخوازی هەر کەس، چ تاك، چ حیزب وە چ دەوڵەت، باشتر بناسین ئەبێت بەر لە هەر شتێك سەیری ڕەفتاریان بکەین لەگەڵ منداڵاندا. مەنسور حیکمەت**

# مەنسور حیکمەت لە وەڵامی پرسیارێکدا

**مەنسور حیکمەت لە پەیوەند بەدژی بەشداربوونی منداڵان خۆیان لە کەمپینەکانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی منداڵاندا, بەو جۆرە وەڵام دەداتەوە:**

منداڵان کە خۆیان قوربانی ستەم و بێمافی و چەوساندنەوەن، وەک ملیۆنان منداڵ کە بە کرێیەکی کەم و لەهەلومەرجێکی خراپدا کاردەکەن، یان کچانی خێزانە دەمارگیریە ئیسلامییەکان کە ڕێگای ژیانێکی ئاساییان لێدەبەستن، بەدڵنیاییەوە ئەبێت نارەزایەتی دەربڕن وە دەریشی ئەبڕن. بەڵام بە بۆچونی من، ئەمە لەگەڵ ڕاکێشانی منداڵان لە وڵاتانی وەک سوید بۆ ناو کۆبونەوە سیاسییەکان ومانگرتن و خۆپیشاندانەکان زۆر جیاوازی هەیە. من لەگەڵ ئەوەی دووهەم زۆر ناکۆکم. بەبڕوای من باوک ودایکان و قوتابخانەکان وگەورەکان نابێت منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی پەلکێش بکەن بۆ ناو هەڵسوڕانی سیاسی و حیزبی وکۆڕوکۆبونەوەکانی خۆیان. ئەمە سەربەخۆ لە بۆچوونی سیاسی دایک وباوک، جۆرێکە لە مێشک شۆردنەوە. لەوانەیە بۆ هەندێک ئەوەی کە باوک و دایکێک لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەی مارکس ولینین یان نیلسۆن ماندیلا و ئیقباڵ مەسیح بدەنە دەست منالّەکانیان، وەک کارێکی زۆر پێشکەوتنخوازانە بێتە پێشچاو، بەڵام ئەو منداڵە هەر بەو ئەندازەیە لەژێر کاریگەری دایکان وباوکان و گەورەکاندا و بێ سەربەخۆیی ئەندێشە ئەو کارەی کردوە، کە منالانیک لەلایەن سڤاستیکاوە (خاچە شکاوەکەی فاشیستەکانی) لکاندوە بە باڵیانەوە و (لا اله الا الله) لەناوچەوانیان دەنووسن. وە باوەڕ بەوە دەکەی کە ئەمەی دووهەمەیان زۆر جێگای نیگەرانییە. من دژی ڕاکێشانی منداڵانم بۆ ناو جوڵانەوە سیاسی و ئاینییەکان. بەرنامەی حیزبی ئێمە زۆر بەڕۆشنی بردنی منالانی بۆ ئەو جۆرە کۆبونەوە و گردبونەوە مەزهەبیانە ڕەتکردۆتەوە. بە بڕوای من ئەو دایک وباوکانەی کە ئەیانەوێت منداڵەکەیان ئازادیخواز و ئازاد وەباربهێنن، پێویستە ئامڕازی سەربەخۆیی بیرکردنەوەیان بدەنێ، پیویستە کەشێکی ئازادو ئازادی بیرکردنەوەی بۆ فەراهەم بکەن. پێویستە بیروباوەڕە خورافی و باوەڕە باوەکان (سونەتی) و گوشاری مێشک شۆردنی سیستەمی پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان لە قسەوباسەکانی خۆیدا لە کردەوەی ڕۆژانەی خۆیدا لە بەرچاوی ئەودا ڕەخنەی لێبگریت وە لەهەمان کاتدا داوا لە ئەو بکەیت کە بیربکاتەوە، ببینێت، بپرسێت وە لە دۆزینەوەی بۆچوونی کۆتایی خۆی پەلە نەکات. مەسەلەیەکی تر بە بڕوای من ئەوەیە کە پیشاندانی هەموو ڕەشیەکانی دنیا، تەواوی زوڵمەکان، تەواوی سەختییەکان و خراپەکان بە منداڵان کارێکی دروست نییە. نابێت دنیایی گەشبین وپڕ ئومێدی منداڵان تێک بدەین. بە بڕوای من منداڵی "زۆر سیاسی" بە گریمانەیەکی زۆر گەورەیەکی لا موبالاتی لێ پەیدادەبێت. گۆشەیەکی هەوڵی مرۆڤ بۆ گۆڕینی جیهان، هاتنی بەردەوامی نەوەیەکی نوێیە بۆ دونیایەک کە نایەکسانی و دواکەوتویی بۆیان زۆر ڕاچڵەکێنەرە و جێگای پەسندیان نییە. چ میهرەبانییەکی تێدایە کە ئێمە پێش منداڵەکان ڕەسمیەت بدەین بەم وێنە ڕەشە.



# شێرزاد فاتیح :بازرگانی بەجەستەی منداڵانەوە یەکێك لەو برانشانەیە کە گەورەترین قازانجی بۆ گروپ و تاقمی مافیاو دەیان ڕێکخراوی جیهانی تر هەیە...

## دیمانە لەگەڵ شێرزاد فاتیح؛ مامۆستاو بەرپرسی بەرگری لەمافەکانی منالان لە سوید بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منالان...

**بۆپێشەوە:کارکردنی پیشەیی بە منداڵانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ، بەگوێرەی ڕیکەوتننامەی مافەکانی منداڵان ڕێگەپێنەرداوە، کەچی منداڵان دەخرێنە بەر کاری پیشەیی، ئەوە چ کاریگەرییەک لەسەر دنیای منداڵان دادەنێت؟**

**شێرزاد فاتح:** کارکردن بەمنداڵان و دیاریکردنی تەمەنێک بۆ کارپێکردن بە منداڵان پرسێکی برێک ئاڵۆزەو یاساو ڕێسای جۆراوجۆر لەم بارەوە هەیە لە ساڵی ١٨٨١ لە سوید یاسای کارپێکردن بە منداڵان هەبوو کە لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە ڕێگە پێدراوبوو، هەر لە ساڵی ١٩١٩ماددەی پێنج تا دەگاتە ماددەی ١٨ ی ساڵی ١٩٩٦. جۆری کارەکە دەیبڕێنێتەوە کە قەدەغەیە یان نا! کاری کرێگرتە، کاری کارخانەو و پیشەیی، کاری شەوانە، ڕۆژگاری درێژی کارو کاری سەخت، ئەمانە هەموو ئەوکارانەن کە بۆ جەستەی منداڵان قورسن و زیانیان پێدەگەیەنێ تا سود، بۆیە ئەم جۆرەکارانە بە منداڵان قەدەغەن. جا ئەوەی کە وادەکات کە منداڵان کاریان پێبکرێت سەرباری بوونی یاسایەک بۆ پاراستنی منداڵان و قەدەغەکردنی کار پێکردنیان زۆرن، بەرچاوترینیان هەژاری و نەبوونی و شەڕو ئاوارەیی و تێکچونی شیرازەی کۆمەڵایەتی و خراپی بەڕێوەبردنی وڵات و شتی تری لەم جۆرەیە.

کارپێکردنی لەم جۆرە منداڵان وا بار دێنێت کە ئیتر خۆیان وەک منداڵ لە خۆیان نەڕوانن، خۆیان وەک گەورەیەک چاولێبکەن کە لە خێزاندا بەرپرسیارێتی گەورەیان لە ئەستۆیە، دەستبردن بۆ هەندێک شت منداڵان لەوتەمەندا دەکرێت بیکەن بۆیان دەبێت بە عەیب و عار، ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە بە تەواوی لە دنیای سادەی منداڵی خۆیان دوور بکەونەوە.

لە زۆرێک لە وڵاتانی سەرمایەداری دنیادا بەکەڵک وەرگرتن لەدیاریکردنی تەمەنی جیاجیا بۆ کاری منداڵان، چەندین بازاڕی گەورەی جیهانی دەڕۆن سەرمایەکەیان لە شوێنێک وەگەڕ دەخەن کە کاری منداڵان تێدا هەرزانترین و پڕ بەرهەمترین کارە. بۆ نموونە بازاڕی H&Mکە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاو دنیادا هەیە بەرهەمهێنانی کاڵاکانی لە ئەورووپاوە گواستەوە بۆ وڵاتانی ئاسیا و شەرق یان بۆ وڵاتێک کە کاری منداڵ تێیدا هەرزانە، وەک هندستان، بورما و بەنگلادیش و چەندین وڵاتی تر. لەوڵاتی بورما ڕۆژانە ١٤ سەعات کار بە منداڵان دەکرێت، لەوێ تەمەنی منداڵ بۆ کارکردن ١٤ ساڵە. لەمبارەوە H&M لە سوید زۆر ڕیسوا کراو ڕەخنەی لێگیرا!

**بۆپێشەوە: بەدکەڵک وەرگرتنی جنسی لە منداڵان، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمرۆ و ڕەوتە دینی و مەزهەبیەکانە، چۆن دەکرێت بەر بەم تاوانە بگیرێت؟**

**شێرزاد فاتح:** بازرگانی کردن بە جەستەی ناسکی منداڵانەوە یەکێک لەو برانشانەیە کە گەورەترین قازانجی بۆ گروپ و تاقمی مافیا و دەیان ڕێکخراوی جیهانی تر هەیە، ڕۆژانە قازانجی بێشومار بە جەستەی منداڵانەوە دەکەن بە کڕین و فرۆشتنی منداڵان و بەکارهێنانیان بۆکاری سێکسی و لەشفرۆشی. بەداخەوە ئەم دیاردەیە لەسەرتاسەری دنیادا بوونی هەیە، لە عێراق و ئێران و چەندین وڵاتی تری دەوروبەردا ئەم کارە هەندێ جار بە ناوی زەواجی متعەوە بە منداڵان دەکرێت و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت بەتایبەتیش لە نێو گروپ وتاقمە ئیسلامیە شیعەکاندا، لە وڵاتی ئەفغانستان و پاکستان ویەمەن و وڵاتانی ئەفریقا و چەندین وڵاتی تر منداڵان لە تەمەنی ٩ ساڵان و بگرە بچوکتریشەوە بەشو دەدرێن و دەفرۆشرێن و دەدرێن بە کەسانی گەورە ساڵ کە هەندێ جار ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵ لە منداڵەکە گەورەترن، ئەمەش لەسەر سونەت و داب و نەریتی ئاینی دەکرێت، کە بۆ خۆی شەرعیەت پێدانە بە لاقەکردن و فرۆشتنی جەستەی منداڵان. هەندێک جار لەو وڵاتانەی ناوم بردن منداڵانی کچی لەوتەمەنانە دەگۆڕدرێنەوە بە دوو حوشتر یان بە چەند سەر مەڕ و ئاژەڵێک، بەتایبەت ئەم دیاردەیە لە یەمەن و سۆماڵ هەر زۆر دیاردەیەکی باوە. ئەمەش بۆخۆی بەشێکە و جۆرێکە لە کەڵک وەرگرتن و بازرگانی کردن بە جەستەی منداڵانەوە.

تا سیستەمی دڕندانەو زاڵمانەی سەرمایەداری دنیا بەڕێوەبەرێ، تا شەڕو نا ئەمنی و هەژاری بەرۆک بە خێزان و کۆمەڵگا بگرێت، ئەم دیاردەیە ئاسان نییە بەری پێ بگیرێ. بەبڕاوی من چارەسەر لەگۆڕانی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی سۆشیالیزمە، دنیایەک بەرابەر بۆ هەموان و دوور لە چەوساندنەوەو هەڵاواردنی مرۆڤەکان بێ جیاوازی ڕەنگی پێست و نەتەوەو ئاین، تەنهاو تەنها سۆشیالیزم دەتوانێت چارەسەر بێت.

**بۆپێشەوە: چەکدارکردنی منداڵان، یان بەکارهێنانیان لە ڕێکخراوە سەربازییەکاندا، چۆن دەکرێت بەری پیبگیرێت؟**

**شێرزاد فاتح:** بە داخەوە دیاردەی چەکدارکردنی منداڵان لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیادا دیاردەیەکە پەنای بۆ دەبرێت و منداڵانی بۆ پەلکێش و بەسیج دەکرێت، ئەمەش بەزۆری لە ناو گروپ و دەستەی سیاسی و توندڕەوەکاندا هەیە تا وڵاتان بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی. لە ڕێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوە تیرۆریستیەکاندا وەک داعش و قاعیدەو تالیبان و بوکوحەرامی ئەفریقا بەتایبەتیش لە سەنیغال، وە ئەلشەبابی سۆمال، هەروەها لە وڵاتانی وەک سوریا و یەمەن ولوبنان ...هتد، دیاردەیەکی زۆر بەرچاوەو ئەوکارەی منداڵان بە فەرمانی گەورە تیرۆریستەکانیان دەیکەن، زۆرجار گەورەکان بۆیان ناکەن. هۆکارەکەشی سادەیی منداڵان و ئاسان ڕاهێنانیانە کە لەو خولی ڕاهێنان و پەروەردەی توندوتیژیانەدا فێردەکرێن.

سەبارەت بەوەی کە چۆن دەکرێت بەر بەمە بگیرێت، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە قسە لەسەر ولاتانێک دەکەین کە تێیاندا هیچ خەبەرێک لە مافەکانی منداڵان نییە، ڕاستە کە لە هەموو وڵاتێکدا یاسا هەیەو ناوی منداڵان و مافەکانیان ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لە وڵاتانی وەک پاکستان و ئەفغانستان وئێران و سودان و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی ئەفریقی و ئاسیایی، ئەوەی کاری پێدەکرێت زیاتر داب و نەریتە نەک یاسا، خودی دەوڵەتیش لەبەرامبەر ئەمانەدا شانی خۆی خاڵی دەکاتەوە لەوەی کە سەرەتاییترین پێداویستیەکانی منداڵان دابین بکات، هەژاری بنەبڕ بکات، پەروەردەو فێرکردنی پێویست بۆ هەموو منداڵان بە پێی توانای و ڕاددەی فێربوون و نەشونمای هزری و جەستەی بگونجێنێت، ئەمە ناکرێت. کاتێک ئەمە بوونی نەبێت ئیتر ئاشکرایە کە هەم بەتاڵی و هەمیش هەژاری و دروستبوونی ئەم فەراغە بۆ پەروەردەو سەرحاڵی و گەشەکردن وا دەکات کە منداڵان پەنا بۆ شتی تر بەرن. وەک پێشتر وتم ئەم دیاردانە ئیتر بەشێکن لە پێشهات و دەرهاویشتەکانی نیزامی سەرمایەدری، ئەوەی کە بۆیان گرنگ نییە، مرۆڤە.

من زۆرجار دەبینم وەک چارەسەر باس لەوەدەکەن کە وڵات و یاسای پێشکەوتوو یان بەیاسابوون جاڕنامەی جیهانی چارەسەر بێت بۆنەمان و بنەبڕکردنی دیاردەی چەکداری منداڵان و لاوان، بەڵام ئەمە وا نییە.

کاتێک دەوڵەت بەئەرکی خۆی ئەڵنەسا و پێداویستی منداڵانی لە هەموو بوارەجیاجیاکانی ژیاندا دابین نەکرد، منداڵانی سەرحاڵ و کەیف خۆش نەکرد بە ژیانی منداڵانی خۆیان، چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی نەکرد، ئەو کێشەیەش ئەستەمە چارەسەربکرێت و بەری پێبگیرێت! دیسانیش دەبێت بیڵێمەوە کە چارەسەر ڕوخاندنی سەرمایەداری ودامەزراندنی سۆشیالیزمە.

> **من زۆرجار دەبینم وەك چارەسەر باس لەوەدەکەن کە وڵات و یاسای پێشکەوتوو یان بەیاسابوون جارنامەی جیهانی چارەسەر بێت بۆنەمان و بنەبڕکردنی دیاردەی چەکداری منداڵان و لاوان، بەڵام ئەمە وا نییە...**

**بۆپێشەوە: تا چەندە لەگەڵ ئەوەدان منداڵان ڕابێکێشرێنە ناو دنیای سیاسەت و خەبات؟ و دیمەنی نابەرابەری و زوڵمی سەرمایەداریان پێ ئاشنا بکرێت؟**

**شێرزاد فاتح:** من لەگەڵ ئەوەدام کە هۆکاری شەڕ، ستەم و چەوساندنەوە، هەژاری و بەدبەختی و ناجێگیری سیاسی، تێکچونی ژینینگەو تەنگەبەر کردنەوەی ژیان بۆ مرۆڤەکان و گیانداران، پیسبوونی تەواوی ئاوو هەواو دەریاو ...هتد، بۆ منداڵان باس بکرێت لە تەمەنێکی دیاریکراودا بە پێی درک و توانای منداڵ ئەم تەمەنە دەگۆڕێ و هیچ منداڵێک لەوی تر ناچێت، بەهەرحاڵ ئەمە باس بکرێت کە بۆ وایەو هۆکارەکەی چییە. هەروەها باس بکرێت کە بۆ لە وڵاتی ئێمەدا سەرەتاییترین پێداویستیەکانی ژیانمان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ دابین ناکرێت و بۆچی دەوڵەت بەکاری خۆی هەڵناسێت سەرباری ئەوەی کە ئێمە لە وڵاتێکدا دەژین پڕە لەسەروەت و سامان، کە لە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی تردا نییە،

ڕۆشنبکرێتەوە کە ئەگەر بێت و نارێکی لە دابەشکردن و خراپی لەسەرپەرشتی کردن و دەستپیسی نەبێت ئەوە دەکرا لە ژیانێکی خۆش وئاسودە، وە لانی کەم لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانمان بەهرەمەند بین.

ئەوەی کە منداڵ بێتە نێو کایەی سیاسی و بۆی ببێت بەپیشەیەک و لە دنیای منداڵی خۆی دووری بخاتەوە، ئەمەیان ئیتر بە بڕاوی من کارێکی باش نییە و دەبێت قەدەغە بکرێت. لە هەندێک وڵاتان و لەبەرنامەی هەندێک لە حزبەکاندا لەمبارەوە شتی جیاجیا هەیە، وەک نموونە لەبەرنامەی حزبی چەپی سوید دا هاتووە باس لەدەنگدانی منداڵان دەکرێت لەتەمەنی ١٦ ساڵییەوە، بەڵام دەنگدان چەندین پلەوپایەی جیاجیای هەیە، لەوێدا باس لە مافی دەنگدان دەکرێت تەنها بۆ کۆمۆنی شارەکەی خۆی! ڕەنگە ئەمە وەک تێکەڵ بوونێک لەگەڵ سیاسەتدا لێکبدرێتەوە، بەبڕاوی من وا نییە، ئەمە وەک یەکێک لەسەرەتاییترین هەنگاوەکانە کە منداڵ هەست بە بوونی خۆی بکات و دەنگی ئەو وە هەڵبژاردنی ئەو گرنگی پێبدرێت، ئەمیش هەنگاوێکە بۆ نزیکردنەوەی منداڵ لەوەی لە داهاتوودا لایەنی باش و خراپ بە پێی لێکدانەوەیەک کە هەیەتی لێک جیا بکاتەوە...

# درێژەی.... حەمەعەزیز، خاوەن شوناسی شیعریی و ئەتەکێتی وشە

پۆشاکی بەری وێنایەکی جوانی سەرنج ڕاکێش دەنەخشێنێ، لەلایەکی ترەوە حەمە عەزیز ئەو ڕازاندنەوەی خشڵی زێڕو زیوەی بە خشڵی وشەی شیعری خۆی چواندوە تا بوکی هەستی جوانتر بکا.

" تەوزیفی" پەپولە "لەدەقی شیعری" حەمە عەزیز نایەوێ لاسایی شاعیرانی پێش خۆی بکاتەوە، بەم چەشنە پەپوولە لەشیعردا بەکاردەهێنێ، کە تاکو ئێستا شاعێرێکی تر وەها بەکاری نەهێناوە لەشیعردا.

(وەک پەپولە گیانی تینوم بۆ قومێ عەتری نیگات
دێت و دەڕوا هەر شنەی دێ تا بە برژانگت بگات)

حەمە عزیز لێرەدا بەڕاستی جوان وەسفی ئەو نیگا کردنە دەکات وەک دەزانین پەپوولە هەمیشە لەدەوری گوڵ دێت و دەسورێ لەڕۆژدا، لەشەویشدا لەدەوری مۆم، بەتایبەت لە کۆندا خەڵک لەبەر مۆم و فتیلە دانیشتوون، تاوەکو ڕووناکیان دەستکەوێ، شاعیرانی کلاسیک هەمیشە پەپوولە ڕەمزی شیعریان بووە بەڵام لەشەودا و هێماو ماناو دەلالەتی قوربانی بینیوە بۆ ئیشقێکی پاک دواجار بەگڕی شەمعەکەدەسوتێ. "هێمن *٢ " ی شاعیر، بەم چەشنە پەپوولەی تەوزیفکردوە و دەڵێ:

پەپولەی ڕۆحی من لەشوێنێ ناگرێ ئارام
دەسوتێ و باڵی دەنیشێ لەسەرسینەو مەمێکی تر.

ئەوەی لەم دوو بەیتە شیعریەی هەردوو شاعر هێمن موکریانی و حەمە عەزیزدا ئاماژەی پێکراوە پەپولەیان وەک ڕۆح بەکار هێناوە، بەڵام لای هێمن پەپولەی ڕۆحی ئەو لەشوێنێ ناگرێ ئارام، لەتاو ئەو ئیشقەی لەناخیدا دەکولێ دەیسوتێنێ دواجار باڵەکانی هەڵدەنیشێ لەسەر سینگ و مەمکی، بۆجارێکی تر وەلێ لای حەمە عەزیز پەپولەی وەها تەوزیف کردوە وەک پەپوولەی گیانی تینووم، واتە گیانی تینوی شاعر وەک پەپولە دێت و دەچێ عەودالی بۆنی گوڵ دەکا پەپوولەی ڕۆحی شاعیریش بۆ قومێک لە عەتری نیگای بەژن ڕێک، وەک پەپولەی لێهاتوە هەردێت و دەڕوا هەر شنەی دێ تاوەکو بە برژاننگی دەگات، کەواتە حەمەعەزیز لێرەیا زیاتر ئەم وێناشیعریەی جوانتر تەوزیف کردوە وەک لە هێمنی شاعر، چون لەیەک کاتدا پەپوولەی گیانی تینوی شاعر تینویەتی بۆ قومێ لەعەتری نیگای بەژن ڕێک، دواتر پەپولەی گیانی شاعر دێت و دەڕوا هەرشنەی دێ بۆ شنەی دێ چون تاوەکو بەبرژانگی بگات، واتە کاتێک دەبینێ برژانگی بەژن ڕێکی بە باڵی پەپولە دێتە پێشچاو کە وەک شنەی دروێنەی گەنم شەنی دەکەن، واتە بەگەیشتنی بەو قومە لەعەتری نیگای و گەیشتنی بەسەرچاوەی نیگاکەی کە سنورەکەی بەبرژانک تەنراوە، بەتروکانی برژانگی بەژن ڕێک بەباڵی پەپولەی دەبینێ.

کاتێک ئیدی شاعیر، نیگاکانی بەژن ڕێک تێر نیگایان دەکات، ئەو تێر نیگابوونەی بە تێر بۆنکردنی گوڵی باخچەیەک شوبهاندوە.

جا کە تێر بۆن بوو لە باخچەی دیمەنی پاراوی تۆ
تێر مژی خونچەی سەرنجی پڕ گوڵاوی چاوی تۆ

شاعر ئەو بۆن و بەرامەیەی بەژن ڕێکی وەها بینیوە، هەرکاتێک بۆنیخواردنێکی خۆش بکەین بۆن و بەرامەی خواردنەکە هێندە کارت لێدەکات لەناوەوە حەزدەکەی بەرکولێ بکەی و لێی بخۆێت، چون بەرامەکەی ڕژاوەتە هەست و دەتەوێ چێژی بکەی.

بوو بە ئاوازێ بەرامەی بەستەکەی چۆڕایە ناخ
خاکی وشکی چاوەڕوانیم هاتە سەوزی و بوو بە باخ
پاش ئەوەی تێر بۆن بوو دواتر تێر هەستی چێژیشی کرد

ئیدی ئەوسا ژیان لەو نیگایەوە جوانتر دەبینێ و سەرلەنوێ گۆرانی بۆ ژیان بیچڕێ.

دێم لە چاوەی عەشقی تۆوە بۆ ژیان هەنگاو دەنێم
مەست دەبم بەو بۆنە خۆشە و بەستە بۆ چاوت دەڵێم

لە ڕاستیدا حەمە عەزیز وەک دەروونزانێ، سەروکاری لەگەڵ هەستدا هەیە و گەوهەری ناخ بە یارمەتی تواناکانی هەست وەردەگرێت پاشان عەقڵ پێگەی دەبێت.

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شیعر و ڕەخنە لەئەدەبیاتی عەرەبی و کوردیدا ئەوا داتاکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە شیعر لە ;quotسۆزەوە ;quotسەرچاوەی گرتووە. واتە شیعری عەرەبی و کوردی، وەک دوو جەمسەری هاوشێوە، بە دەنگە لیریەکان دەستیان پێکردووە وە هەتا ئەمرۆکەش ئەم دەنگە لەشیعرەکانیادا بەئاشکر بەدی دەکرێ.

پیریی لەشیعری حەمە عەزیزدا وێنای شیعری گوزارشت کردنە لەبوون زۆرجار سەلیقەیی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ پاراوبوونی زمان و موخاتەبە کردنی خود، لەم تێکستە شیعرییەی کاکە حەمە عەزیز، تابلۆیەکی هونەریمان بۆنمایش دەکا بەجۆرێ، شاعیر باس لەقۆناغی تەمەنی مرۆڤ دەکا، کە "(پیری)"ە، لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی پیر بوون بترسێ یا ڕقی لێبێتەوە، بەپێچەوانەوە حەمە عەزیز ئەو قۆناغەی جوان نیشانداوە. بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی لەڕێگای زمانی شیعری و فەرهەنگی وشەوە، هەڵبەت ئەمەش پەیوەستە بە تەکنیکی شیعری ،زمانی شاعیر، خەیاڵی فراوان، بەڵام خەیاڵێکی کورت و ئامانجدار، ئەوە جگە لەوەی تازەگەری لەشێوە و ناوەرۆک بۆ نووسینی دەقێکی شیعری، نیشاندانی کۆژانە، هەندێجار کۆژینە، جاریش هەیە نمایشێکی هونەرییە بە چەشنی "سەمای زۆربا "، واتە هەرکات بە

کەناری شیعرێکی کاکە حەمەعزیزدا ڕاگوزەربین، هەست بە جۆرێک لە ئارامی و جوانی وشەو فەرهەنگ دەکەی، ئاوەتا لێرەدا وەها وەسفی پیری دەکا، کەمرۆڤ بگا بەوقۆناغە بە کامڵ بوونەوە بەرەو ڕووی بچێ، چون پیریی دواقۆناغی مرۆڤە، بەڵام لای شاعیر تێگەیشتنە لەمانا قوڵەکەی تەمەن، دواجار، شاعیر پیری وا وەسف دەکا، کە قۆناغێ لەقۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤە، بۆ ڕۆچوونە ناو یادو یادەوەریی مرۆڤ، پاشان بونیادنانی کەلتورو بەها جوانەکانێتی بۆ پەڕینەوە لەدورگەی ژیاندۆستی وگەیشتن بەبەها بەرزەکانی خودی مرۆڤ..

کاسەی تەمەنم هاتۆتە نیوە
سەرنج چەند ئەدەم نابینم تۆزقاڵ
ڕێ هەڵە دەکەم هەر وەکو منداڵ
سەیرە بە پیری تازە پێ دەگرم
دارە دارەم دێ و دەستی ڕێ دەگرم
خەرمانی ژیری شەن و کەو دەکەم
بە ئاگا نایەم تاسەی خەو دەکەم
پەشمە ئامانجم بە پاماڵ کراو
ڕێزم پێوانەی زیندە چاڵ کراو
داخم ئەو خەمە ئەنجامی تەمەن
هەندێ بێهودە کێشانەی دەکەن

" مەولەوی *٣" شاعیریش لەپاڵ ئەم هەموو ئەشک و ژانەوە پیریش یەخەی پێگرتووە، لەپارچە شیعرێکی دیوانەکەیدا لەدەست پیری ناڵەی لێ بەرزبووەتەوە و بەم جۆرە سکاڵای خۆی کردووە:

موتریب، بۆ وە داد دڵگیریمەوە پیری ها ئاما وە پیریمەوە
واتە: کاکی گۆرانیبێژ وەرە بەدەم دڵگرانیمەوە...

**بۆ نووسینی ئەم لێکۆلیەوەیە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**

***١-دیوانی شیعری لەچاوی شیعرەوە حمە عزیز چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٦-**

***٢-دیوانی هێمن موکریانی تاریک و ڕوون چاپی یەکەم ساڵی ١٩٧٤**

***٣- دیوانی مەولەوی**

## درێژەی دوا وتە

سیاسەت لە کوردستاندا، تا هاتووە جێگای بە رۆڵی یەکێتی و هێزەکانی تر چۆڵکردووە... لەم دەورانەشدا کە سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد چ وەکو ئەزمونێکی سیاسی نزیک بە ٣٠ ساڵە و چ وەکو دەسەڵاتی حزبەکانی بۆرژوازی کورد، توشی ئەزمەیەکی قوڵ و پێگەی بەرەوداکشان دەچێت، هاوکاتیش لەبەردەم نارەزایەتییەکی فراوانی جەماوەریدایە... یەکێتی لەدڵی ئەم هەلومەرجەدا لەلایەکەوە بۆ دەربرینی نارەزایەتی و خۆی لە پارتی و لەچوارچێوەی جەنگی دەسەڵاتی نێوانیان لە هەرێمدا و لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆ دەربازکردن لە نارەزایەتی فراوانی جەماوەری ئەم پرسەی بەدەستەوە گرتووە. هەروەها یەکێتی دوای کۆنگرەو ئارایشی نوێ سەرکردایەتیەکەی، هێشتا لەلایەن پارتیەوە بە فەرمی نەناسراوە و مامەڵەی پارتی لەبەرامبەریاندا جێگای نیگەرانیانە، هەموو ئەوانە پاڵنەری سەرەکین کە وایان کردووە یەکێتی پرسی لامەرکەزیەت بەدەستەوە بگرێت. بزوتنەوەی گۆڕانیش، کە راهاتووەو ئولفەتی بەوەوە گرتووە کە خۆی بە تورەیی نارەزایەتی جەماوەرەوە هەڵبواسێت، لەدۆخی ئێستادا کە سەرجەم دەسەڵاتی سیاسی لەبەرەم تورەیی و نەفرەتی جەماوەریدایە و لەگەڵ بەغداش دەرگیری کێشەی موچە و پرسی نەوت و ...تاد، بە چوونە پشت پرسی لامەرکەزیەت و بە هینانەگۆڕی ئەوەی کە چاو بە ڕێکەوتنیان لەگەڵ پارتیدا دەخشێنەوە، دەیانەوێ لەلایەکەوە کەشی هەڵسورانیان لە زۆنی سەوز باشتر بکەن و وەکو بلۆکێک لەگەڵ یەکێتی بەرووی باڵادەستی پارتی لە حکومەتدا بوەستنەوەو هاوکاتیش پارتی ناچار بکەن بەوەی کە بەشی زۆرتریان لە حکومەتداریدا پێبدات، هاوکاتیش دەیانەوێت شانی خۆیان لە بەرپرسیاریەتی بەشداری کردنیان لە حکومەتدا خاڵی بکەنەوەو جارێکی تریش خۆیان بە بزوتنەوەی فراوانی نارەزایەتی جەماوەریدا هەڵبواسن.

دیارە تا ئەو جێگایەی بە دەسەڵات دەگەڕێتەوە، گومان لەوەدانییە چۆن پارتی خاوەن دەسەڵاتی زاڵی زۆنی زەردە و ئەو زۆنە پاوانی قەڵەمرەویی سیاسیەتی، ئاواش یەکێتی نیشتیمانی خاوەنی دەسەڵاتی زاڵی زۆن سەوزو پاوانی قەڵەمرەوی سیاسی خۆیەتی. وەکەس ڕێگای لەهیچ کامیان نەگرتووە بەو جۆەری دەیانەوێت فۆرم و ئەلگۆی خۆیان لە بەڕیوەبردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و زامنکردنی مافەکانی هاوڵاتیاندا، پراکتیزە بکەن و مۆدیلی نوێی حکومرانی سیاسی خۆیان بخەنە ڕوو. ئەوەی کە ٢٩ ساڵە لەژێر سایەی قەڵەمرەوی سیاسی خۆیاندا پیادەی دەکەن، ناوەۆکی سیاسی و رادەی دوورو نزیکیان لە خەڵک و مافەکانی هاوڵاتیان و پەرۆشیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئازادییەکان دەخاتە ڕوو... نە پارتی لە زۆنی سەوز خاوەنی دەسەڵات و بریاری سیاسییە و نە یەکێتی لە زۆنی زەردا خاوەنی دەسەڵات و بریاری سیاسییە.

چ یەکێتی و چ پارتی هەر کامیان لە زۆنی ژێردەسەڵاتی خۆیان، بەرپرسیاری یەکەمی زۆنەکەی خۆیانن و کەسیش دەستی نەگرتوون کە فۆرمی باش و خزمەتگوازی پیویست و بەرپرسیایەتی دروست و زەمانەتی مافی هاوڵاتیان وئازادییەکان و جۆری بەڕێوەبردنی ئیداری و مالی بگرنە بەر... بەڵام بۆ ئەمە ناکەن؟ بەسادەیی لەبەرئەوەی دوو دەسەڵاتی بان جەماوەری، سەرکوتگەر و دزو تاڵانچی و پشت بەستو بەهیزی چەکدار و وابەستەی عادەتی نۆکەری پیشەیی بە وڵاتانی ناوچەکەن. هیچ بروایەکیان بە دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتی ئاشتیانە، بە رۆڵدان بە جەماوەر، تەنانەت بە کایەی هەڵبژاردن و دیموکراسی" بەمانا باوە بۆرژوازیەکەشی" نییە.

جێبەجێکردنی پرسی لامەرکەزیش، لەلایەن دوو دەسەڵاتی پشت بەستو بەچەک و دەسەڵاتی مەرکەزی دوو بنەماڵەی بەزۆر داسەپاو لەهەر دوو زۆنەکاندا، لە وەهم وەهمترە، لە درۆش واوەترە...

**عەبدوڵا مەحمود**

**کۆتایی ئایاری ٢٠٢٠**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
عەزیز شەریف، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، شوانە حەسەن، عەبدالرحمن رەسوڵ،سەردار عەبدوڵا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، حەکیم میرزا،سالار حەمە سەعید، هەتاو عەبدوڵاهی، جەمال نوری، بنار مستەفا
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەبۆنەی" ڕۆژی جیهانی منالاًن"...

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

# تیکۆشەرێکی ڕێگای دنیایەکی باشتر جێی هێشتین...





بەرواری ٢٥ ئایار، عەلی کیتابی تیکۆشەروماندونەناسێکی نەسرەوتووی ڕێگایی دنیایەکی باشتر بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکناو هیواو ئاواتەکانی بۆ هەموو ئینسانێکی تیکۆشەری ڕێگای دنیایەکی باشتر بەجێ هێشت... ئەو هیوا ئاواتانەی کە چەندین دەهە عەلی کیتابی لێبراوانە بۆیان تیکۆشا. عەلی کتابی خەباتکارێکی دژی رژێمی شاهاناشی و رژێمی ئینساکوژی جمهوری ئیسلامی و نەسرەوتویەکی دژی زوڵم نابەرابەری چینایەتی بوو... ویستگەکانی ژیانی کتابی چ لە زیندانی سەردەمی شاهەنشای ئیران و شۆرشی ئیرانداو چ لە " کۆمەڵەی یەکسانی" کە خۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی بوو، تا خەباتی لە دژی زوڵم و زۆری دەرەبەگەکان و پەیوست بوونی بە کۆمەڵەو حزبی کۆمۆنیستی ئیران و برینداربوونی لە ریزەکانی ئەو حزبەدا و پاشانیش دریژە دان بەخەبات لەریزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران، گەواهی دەری رۆڵی عەلی کیتابین لە خەباتێکی نەپساوەدا لە پێناو دنیایەکی بێ زوڵم و ستەم و نابەرابەریدا.

عەلی کتابی لەدڵی ئەو تیکۆشانەیەدا لە زەمینەی بەرگری لە مافی منالاًندا جی پەنجەی جێگای ستایشە... عەلی کتابی وەکو بەشیکی زۆر لەئەندام و کادرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەهۆی دۆخی حزب و جیابوونەوەکان، لە حزب دوور دەکەوێتەوە ڕوودەکاتە کاری ئەدەبی منالاًن و کاتەکانی تەرخانی ئەو بوارە دەکات...نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی بە شیوەی ڕۆمان "سورِ سورەی مەرگ" یەکێک لە بەرهەمەکانیەتی، هەروەها ڕۆمانی" سارا" یەکێکی تر لە بەرهەمەکانیەتی کە تیشک دەخاتە سەر قەوارەگرتنی چینی کرێکار لە ئیراندا... خەم خۆری عەلی کتابی لە بواری مافەکانی منالاًندا بەجۆرێک بوو کە لەسەر مەسرەەفی خۆی باخچەی ساوایان و کتێبخانەی بۆ منالاًن لە کوردستانی عێراقدا کردەوە.

عەلی کتابی، تا بەیەکجاری چاوی لێک نا وەکو کەسایەتیەکی سیاسی و چەپ، یەکسانیخواز و دژ بە نیزامی هاری سەرمایەو ناسیونالیزم و کۆنەپەرستی، و بەرگریکارێکی سەرسەخت لە مافەکانی منالاًن تیکۆشا. شایانی باسە عەلی کتابی بەهۆی کۆمەڵایەتی بوون و مانەوەی چەندین ساڵەی لە کوردستانی ئیراقدا، پەیوەندیەکی فراوانی لەگەڵ چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانی ئیراق و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و ئازادیخوازاندا پێکهێنابوو..

**بەرز و بەرێز بێت یادی خەباتکارانی عەلی کتابی...**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەندی کاریکاتیریست سەردار عەبدوڵا







## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو
## 12/6/2020

# دوا وتە

# یەکێتی و لامەرکەزیەت!

ماوەیەکە پرسی لامەرکەزی لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی، هێنراوەتە گۆڕ و چ بزوتنەوەی گۆڕان و چ ژمارەیەک لە نوسەر و کەسایەتی سیاسیش پشتیوانی لەم مەسەلەیە دەکەن و پارتیش لاری لەم مەسەلەیە نییە.



هێنانەگۆڕی پرسی لامەرکەزی، وەکو فۆرم و ئەلگۆیەکی بەڕێوەبردنی ئیداری و مالی و شۆرکردنەوەی دەسەلاًتەکان بۆ ئاستی لەخوارەوەی کۆمەڵگە و سوککردنی کاری هاوڵاتیان و بەخشینی دەسەلاًت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، بە قەزاو ناحیەکان، و تێکشکاندنی مەودای مەرکەزیەتی دەسەلاًت لە ناوەند، بێگومان بەسودی جەماوەر و هاوڵاتیانە و لەوەش زیاتر گوێزانەوەی بۆ ئاستی خوارتر تەنانەت بۆ دابەشکردنی شارەکان بەسەر چەند کانتۆن، یان کۆمۆن و سپاردنی دەسەلاًتەکانی بەو کانتۆن و کۆمۆنانە، و زیاتر لەوەش پشت بەستن بە کۆبونەوەی گشتی هاوڵاتیانی ئەو گەرەکانە، لە کۆمۆمۆن و کانتۆنەکاندا، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئازادانەو راستەوخۆی خۆیان دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و جۆری بەرێوەبردنی گەرەکەکان و وەڵام بە گرفت و کێشەکانیان بداتەوەو راستەوخۆ خەڵک رۆڵی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان هەبێت.

ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی ئەو پرسەی هێناوەتە گۆڕ، پەیوەندی بەوەوە نییە، کە بیەوێت پەراوێزی دیموکراتی بەرین بکاتەوە یان رۆڵی جەماوەری لە بەڕێوەبردنی خۆیدا بەفەرمی بناسێت و دەسەلاًتی مەرکەز لە دیکتاتۆریەت و بیرۆکراتیەت دابماڵێ و شۆر بکاتەوە بۆ بەڕیوەبەرانی شار و شارۆچکەکان... تەنانەت بۆ ئەوەنییە کە بیانەوێت ئەلگۆ و فۆرمێکی نوێی دەسەلاًتدارێتی ببەخشن و کار ئاسانی بۆ هاوڵاتیانی شارو شارۆچکەکان بکەن.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پرسی چاکسازی وەکو کاردانەوەیەکی سیاسی وکارتێکی گوشار لەبەرامبەر پارتی و دەسەلاًتی پارتیدا بەدەستەوە گرتووە. پارتی لە چوارچێوەی کاری حکومەتداریدا لە پەیوەند بە دەسەلاًتی بەغداوە، لە پەیوەند بە وڵاتانی ناوچەکەو دنیاوە، لە پەیوەند بە بڕیاری سیاسی و لە پەیوەند بە سیاسەتی ئابوری و ئیمزاکردنی بۆندە ئابورییەکان و فرۆشی نەوت.... تا دەگاتە کۆنترۆڵی سیاسی و

بۆ لاپەڕە ١٥